# بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی هەشتەم ژمارە (178) بەرواری 1-11-2024

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقیعەت

گفتوگۆی ئەنتەرناسیونال لەگەڵ مەنسور حیکمەت...ل9


بەشی نۆهەم...

## وتەی ژمارە

# گاڵتەجاری هەڵبژاردن کۆتاییهات،بەڵام خەبات بۆ دنیایەکی باشتر بەردەوامە!


عەبدولا مەحمود


سەرئەنجام دوای ماوەیەک لە بانگەشە و هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان و بەخشینەوەی بێ کۆتا و بێ سنوری سەدان هەزار درۆو وادەو بەڵێنی فریوکارانە و دروشمی سیاسی، هەڵبژاردن تەواو بوو. ئەوەی کەپێش وەختەش دیارو ڕۆشنە، حزبەکانی دەسەڵات و پشت بەستو بە هێزی چەکدار و ملۆزمی داهات و سامانی کوردستان و نۆکەر پیشە و خوگرتوو بە خۆبەستنەوە بە سیاسەتی زلهێزەکانی ڕۆژی دنیاو وڵاتانی ناوچەکە، سەرباری هەر ئالۆگۆڕێک لە ژمارەی کورسیەکانیان، وەکو هێزی دەسەڵات و بریار بەدەستی زونەکان دەمێننەوە...



هێزەکانی بەناو ئۆپۆزیسیۆنیش، سەرباری هەر ئالۆگۆڕێک لە کورسیەکانیان، دوبارە باجی وەهمی دەستاو دەستکردنی دەسەڵات لە ڕێگای هەڵبژاردنەکانەوە دەدەن و لە بازنەی" هەڵبژاردن، دوبارە هەڵبژاردن و هەڵبژاردنەوە" دەخولێنەوە و بۆچوار ساڵی تر یان زیاتر... بەبەڵێنی گۆڕانکاری، چوونە لوتکەی دەسەڵات، ماشێنی بەرهەم هێنانەوەو ڕاگرتنی بەشێک لە جەماوەرەکەیان دەچەرخێنن، بۆ ئەوەی لە کایەی هەڵبژاردنی داهاتوودا، دوانەکەون و دیموکراسی!! لەکەدار نەبێت.

دیارە ئەگەر بۆ حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە، هەڵبژاردن تەواو بوو، وە تا چوارساڵی تر... هەر لایەنەیان، جێگای خۆی دەگرێت، بەشدار یان لە دەرەوەی دەسەڵاتدا دەبن... بەبەشی خۆیان ناڕازی یان ڕازی و گوێ لەمست دەبن... ئەوا بۆ خەڵکی کوردستان چنگە کرێ بۆ ژیان، خەبات بۆ دنیایەکی باشتر، بەردەوام دەبێت و بێ پسانەوەیە.

هەڵبژادن لە کوردستان، بۆ حزبەکانی بزوتنەوەی کوردستان مەیدانی جەنگێکە لە دژی خەڵکی کوردستان و بۆ پاشەکشەکردن بە خواست و هیواو مافەکانیان. حزبەکانی دەسەڵات بەدەستی کوردستان لەڕێگای هەڵبژاردنەوە، درۆی ڕەوایەتی دەسەڵاتیان بە دیموکراسی زاخاو دەدەنەوەو بەدنیای دەرەوەش


بۆ لاپەڕە 2


## هەژماری من و تەوتین...لە گەمەی ململانێی سیاسی نێوان پارتی و یەکێتی و هەرێم و بەغدادا!




لە کاتێکدا موچەخۆران بەدەست دواکەوتنی بەردەوامی موچەی مانگانەیانەوە دەناڵێنن و بەکردەوە کراونەتە چاودێری درۆ دەلەسەی بەرپرسان و هاموشۆ و کۆبونەوەی بێ برانەوەی شاندی هەرێم و بەرپرسانی بەغدا. هاوکات هەمیشە باسی چارەسەری پرسی موچە دەکرێت، کەچی نەک پرسی دواکەوتنی موچە ئاسۆیەکی دیار نییە، بەڵکو ململانێی


بۆ لاپەڕە 3


## ڕێژەی تاوان لە هەرێمدا بەخێرایەکی زۆر بەرەو هەڵکشان دەچێت...



کەم ڕۆژ هەیە تاوانێک یان چەند تاوانێک لە ڕێگای کوشتنەوە بە ڕێگای جۆراوجۆر نەبیستین. کەم ڕۆژ هەیە هەواڵی دۆزینەوەی تەرمێک، جەستەیەکی شێوێنراو، سوتاو، گوللە بەجەستەوە بوو، یان هەواڵی دەستڕێژی گوللە لە خێزانێک، هاوڵاتیەک، یان شەڕی نێوان دوو بنەماڵە و قوربانیەکانی...تاد، نەبنە سەردێری میدیاکان. ئەوە بەجیا لە هەواڵی بەردەوام و تەکاندەری قوربانیانی شوێنی کار، کوشتنی


بۆ لاپەڕە 3




## کەمپەینی بۆپێشەوە

### ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز بەدژی یاسای هەمواری باری کەسێتی و بەیاساییکردنی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵان...بۆ بۆپێشەوە دەدوێن... لاپەڕە 5-6

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- شازدەهەمین لوتکەی بریکس لە کازان BRICS 2024..................................ل4
- تایبەتمەندیەکانی هەڵبژاردن لە دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستاندا................ل4
- چەند ژن پیاوی یەکسانیخواز لەدژی هەمواری یاسای باری کەسێتی دەدوێن..........ل5_6


## دۆسیەی ژمارە "سەبارەت بەهەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان"

هاوڕێ ئیبراهیم حسێن وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە ل11-12




ل8_9 گۆشەی ئەدەب و هونەر ل6,5 پرسی ڕۆژ

## درێژەی وتەی ژمارە

دەڵێن دیموکراسی سەرکەوت. بێ ئەوەی لەو دیموکراسییە، خەڵکی کرێکارو زەحمەتکیش و نەداری کوردستان، هیچیان دەستکەوتبێت!!.

مەیدان و لایەنێکی جەنگی دەسەڵات لەدژی خەڵکی کوردستان هەڵبژاردنە، لەماوەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، لەهەر گۆشەو زەمینەیەکدا بە لێشاو بەڵێن و وادەیان بەخشیەوە، دەستەو دامێنی جەماوەر بوون، خزمەتکاری خۆیان بۆ چین و توێژەکانی کۆمەڵگە راگەیاند... دیارە لەگەڵ ئەوەدا کە هەموو ئەو وەعدەو بەڵێنانە و خۆ چەماندنەوەیە بۆدەنگ کۆکردنەوە، رێگایەکی ئاشکرای فریوکارییە، هاوکات دانپیانێکی ئاشکراشە بە نەبوونی هیچ... خزمەتگوزاری و ماف و ئازادی و ویستە زۆر و زەبەندەکانی هاوڵاتیاندا، بۆیە لەهەر زەمینەیەکدا بە "بلۆک" بەڵێنیان دەدا...

ئێستا کە هەڵبژاردنەکان، کۆتاییان هات، کاتی ئەوەیە خەڵکی کوردستان بەگشتی، چ ئەو جەماوەرە زۆرەی بایکۆتی هەڵبژاردنیان کردووەو دەنگەکانیان پوچەل کردۆتەوە، و چ ئەو جەماوەرەی لەژێر هەر هەرەشە یان خۆشباوەرییان بە حزبەکان، بەشدارییان هەڵبژاردنیان کردووە، پێویستە یەخەی دەسەڵات بگرن و لەرێگای جۆراوجۆری خەباتکارانەوە گوشار بهێنن بۆ حزبەکان، تا پابەندی بەڵین و وادەکانیان بن...

نابێ رێگەبدرێت، ئەو حزبانە شانی خۆیان لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و داوا رەوکان و مافەکانیان و ئازادییەکانیان خاڵی بکەنەوە، و چوار ساڵی داهاتوش بکەنە سەرچاوەی خیرو بەرەکەت و نیعمەت بۆ خۆیان و چینی سەرمایەدار و بازرگانان سیاسی و ئابورییە چاوچنۆکەکان و ژیانی مەمرەو مەژی و بێبەشی و نەداری و بێمافیش بکەنە بەشی زوربەی زۆری کۆمەڵگە، کە کرێکاران و کارمەندان و زەحمەتکێشانی کوردستانن...

لیستی بەڵێنەکان، پەیامی سەرۆک حزب و لیستەکان، بەرنامەی بانگەشەکان، کروزانەوەی کاندیدەکان و وادەکانیان، دیمانەو گفتۆگۆ پر بەڵێنەکانیان... لە گوێی هەموو تاکێکی خەڵکی کوردستاندا دەزرنگێتەوە... پێویستە و دەبێ، بەرپرسیارێیتی جێبەجێکردنی ئەو بەڵێن و وادانەیان بە ئەستۆدا هەڵبواسرێت و ناچار بکرێن کە دەست بۆ جێبەجیکردنیان ببەن... گوێنەدان و پشتکردنە ئەو وادەو بەڵینانە، لەگەڵ کۆتاییهاتن و بەفەرمی راگەیاندنی ئاکامەکان، لەگەرەکەکان بۆ خزمەتگوزاییەکان برژێنە سەر جادەکان، لە کارگەو ناوەندەکاندا بە کۆبونەوەی گشتی و لە دەوری یەکتری و بە شێوەی رێکخراو، داوای ماف و داخوازیەکانیان بکەن و پەیام نامە و بانگەشەکان بدەنەوە بەرووی حزبەکان و کاندیداکان و ریزی وردو درشتی لغاو بەرەڵای هەڵرشتنی بەڵێنەکانیان... گومان هەڵنەگرە ئەو حزبانە، بە خۆشی خۆیان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری و وەڵامدانەوە بە خواست و داواکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش نابەن و دەبێ یەخەیان بگیرێت، دەبێ گوشاریان بۆ بهێنرێت. دەبێ هەرەشە لە دەسەڵاتیان بکرێت... ئەمەش بە بێ رێکخراوبوون، بەبێ خۆجیاکردنەوە لە ئاسۆی بزوتنەوەی ناسیونالیستی و کوردایەتی، بەبێ دەست بەکاربوونی بەنەخشەی رابەران و هەڵسوراوانی چەپ و کۆمۆنیست و رابەرانی کرێکاریی و جەماوەری ممکین نابێت... حزبەکان و قسەکەرەنیان، کانداداکانیان، بەرپرسە وردو درشتەکانیان، ئەگەر بەهێزی ڕیکخراوی جەماوەری ناچار نەکرێن بۆ جێبەجێکرنی وادەو بەڵینەکانیان، ئەوا دیسان تا چوار ساڵی تر کۆمەڵگە دادەدۆشن و لە هەڵبژاردنی ٤ ساڵی داهاتوودا، هەمان ئەو بەڵین و وادانە، لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا دوبارە دەکەنەوە، هەروەکو چۆن لە خولەکانی پێشودا کردویانە... ئەگەر چەند هەفتەی رابردوو کات و رۆژی بەڵێندانی حزبەکان و بەرپرس و کاندیداکانیان بوو بۆ بەخشینەوەی وادەو بەڵێن بۆ خزمەتکرنی خەڵکی کوردستان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و زامنکردنی مافە فەردی و مەدەنی و ئازادییەکان، ئەوا ئێستا دوای هەڵبژاردنەکان کات و رۆژی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکیشە بۆ دریژەدان بە نارەزایەتیەکانیان بە گورو تینیکی زۆرترو فراوانتر لە پێشوو، رێکخراو ترو رۆشنتر لە رابردوو، لەپێناو ناچارکردنی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بە بەڵێنەکانیان و بۆ بەدەستهێنانی ویست و داخوازییە هەمەلایەنەکانیان.

کۆتایی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

**ئێستا کە هەڵبژاردنەکان، کۆتاییان هات، کاتی ئەوەیە خەڵکی کوردستان بەگشتی، چ ئەو جەماوەرە زۆرەی بایکۆتی هەڵبژاردنیان کردووەو دەنگەکانیان پوچەل کردۆتەوە، و چ ئەو جەماوەرەی لەژێر هەر هەرەشە یان خۆشباوەرییان بە حزبەکان، بەشدارییان هەڵبژاردنیان کردووە، پێویستە یەخەی دەسەڵات بگرن و لەرێگای جۆراوجۆری خەباتکارانەوە گوشار بهێنن بۆ حزبەکان، تا پابەندی بەڵین و وادەکانیان بن...**

## درێژەی: هەژماری من و تەوتین...لە گەمەی ململانێی سیاسی نیوان پارتی و یەکێتی و هەرێم و بەغدادا!

نیوان دەسەڵاتی هەرێم و دوو زۆنەکە لەسەر "هەژماری و من""تەوتین" لەلایەک و ململانێ بەغدا و هەرێمیش لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی موچە لە ڕێگای بانقەکانەوە بۆتە گرفتیکی سەربار. جیا لەوانە هەموو مانگێک باسی کەموکوری لە لیستی ناوی موچەخۆران، ناوی دوبارە و کەم و کوڕی تر ... بونەتە هۆکاری ئەوەی موچە دوابکەوێت.

لە سەرەتای ئەمساڵەوە و لەسەر سکاڵای ژمارەیەک لە موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، دادگای باڵای فیدراڵی عێراق بڕیاریدا موچەی موچەخۆرانی هەرێم لە بانکە فیدراڵییەکانی عێراق تەوتین بکرێت و لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دابین بکرێت، لە بنەرەتەوە ئەو بڕیارە بەو پاساوە پەسەندکرا کە موچەی موچەخۆرانی هەرێم لە ململانێی سیاسی نێوان هەولێرو بەغداد دوربخرێتەوە، کەچی بەجیا لەوەی ئەم ململانێیە لە نێوان دەسەڵاتی هەرێم و بەغدادا ماوەتەوە، هاوکات ناکۆکییەکی نوێی هێناوەتەوە ئاراوە لەسەر ئەوەی ئایا پرۆژەی "هەژماری من" یان "تەوتین" و بانکە فیدراڵییەکان، بەرپرسیاریەتی دابەشکردنی موچە بگرنە ئەستۆ. هەروەها ئەو ململانییە لە نێوان هەژماری من و تەوتین، گواستراوەتەوە بۆ ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد و دوو زۆنی دەسەڵاتداریێتیەکە... پارتی هەژماری من بەدەستەوە گرتوەو یەکێتی پێدارگری لەسەر دابەشکردنی موچە لەلایەن بانقە عێراقیەکان" تەوتین" دەکات.

ئەوەی چاوەروانکراویشە، حکومەتی هەرێم لە هەولێر دەسەڵاتی بەسەر زۆنی سەوزدا نییە، بریارەکانی بەجێگایەک ناگات و دەسەڵاتی ئەو زۆنە کارکردن بە هەژمارەی من رەتدەکاتەوە و هەولیریش لە ڕێگای حکومەتەوە هەرەشە لە دام دەزگاکانی زۆنی سەوز دەکات، کە پابەندی هەژماری من و بریاری حکومەت بن.

لەم نیوەدا دابەشکردنی موچە بۆتە گرفتێکی تری سیاسی لە نیوان پارتی و یەکێتی و بۆتە مۆتەکەیەکی تری سەر سنگی موچەخۆرانی هەرێم... موچەخۆرانی هەرێم و سەرجەم خەڵکی کوردستان و دوو زۆنەکە، پیویستە بەرووی ئەو ململانییەدا بچنەوە کە سفرەو گیرفانی ئەوانی کردۆتە بارمتەی کێبەرکێی ئەم دوو دەسەڵاتە چاوچنۆک و مافیایەی بزوتنەوەی کوردایەتی.

موچەخۆرانی هەرێم مافی خۆیانە موچە و شایستە داراییەکانی خۆیان لە کاتی خۆیدا و بێ لێبرین وەربگرن و نەکرینە زەخیرەی ئەو ململانێیەی نیوان بەغدا هەرێم و دەباشان و سەری سەری ڕەش.

## درێژەی: رێژەی تاوان لە هەرێمدا بەخێرایەکی زۆر بەرەو هەڵکشان دەچێت...

ژنان، خۆکوژیی و خۆسوتاندنیان تا دەگاتە قوربانیانی ڕێگاو بان و هاتووچوو، خنکان لە ئاو و روبار و دەریاچەکان و هاوکات رادەی دزی و تالانی مالان و دوکان... تا دێت بەرەوە هەڵکشان دەچن. هەر ئەم هەفتەیە هاوڵاتیەکی تر بەناوی سەلاح حەمە سالح لەگەرەکی قولەوەیسی لەلایەن پاسەوانێکی پێشووی بەرپرسێکی باڵاوە کوژرا و پێشتریش چەندین کوشتنی تر لەلایەن بەرپرسان و کەسانی نیو دەزگا ئەمنیەکان، ئەنجام دراون.

بەجیا لەوەی بەشی هەرەزۆری ئەم قوربانیانە، بەتایبەتی تاوانی کوشتنەکان و زۆربوونی دزی و تالانی... روداوی سادە و بێ هۆکار نین. تاوان و تاوانکاری هەمیشە رەنگدانەوەی دۆخ و هەلومەرجێکی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییە و پەروەردەیی و یاساییە، هاوکات بەرەڵاکردن و دەست ئاوەڵاکردنی بەرپرسە سەربازی و ئەمنیەکان، هۆکارێکی ترە.

زوربەی هەرەزۆری کوشتن و تاوانکارییەکان، ریشەی لە دۆخی نەخوازراوی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان دایە... بێکاری و گرانی و برسێتی و نەداری و بێ موچەیی...تاد هۆکاری سەرەکی ئەو تاوانانەن، دەسەڵاتی سیاسیش هۆکاری بێکاری و گرانی و هەژاری و برسێتیی و لەگەڵیدا بەخشینی ئیمتیازە بە بەرپرسە سیاسی و سەربازی و ئەمنیەکان، تا بە شیوەی توندوتیژ و دڵرەقانە رووبەرووی هاوڵاتیان ببنەوە.

کۆمەڵگەی کوردستان، دابەشی دوو دنیای ژیان کردن بووە، دنیای کەمایەتیەکی زۆر کەمی دەسەڵات و سەرمایەدار و بازرگانەکانەکان کە لەسەر دزینی دەست ڕەنج و ماندووبوون و برسیکردنی زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگە، بەهەشتێکی واقعیان بۆخۆیان و ئێستاو ئاییندەی نەوەکانیان خوڵقاندووە، لەبەرامبەردا زوربەی هەرەزۆری کۆمەڵگە لە کەمترین پێداویستی ژیانێکی سادە و ئاسایی بێبەشن، وێڵی دوای نان و کار و ژیانێکی ئارامن و بە کردەوە ژیانێکی دۆزەخیان بەسەردا سەپێنراوە. ئەم واقعیەتە نەخوازراوە کە ریشەی لە سود پەرستی و چاوچنۆکی دەسەڵات و پارێزەری کەمایەتیەکی سەرمایەدار دایە، سەرچاوەی سەرەکی تاوانەکان و زۆربوونیانە. یاسا و دادگاش بەپێچەوانەی بانگەشەی باو بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە نییە، بەڵکو بۆ بەرگری لەم نەزم و نیزامە سەرەوخوارەی کۆمەڵگە قوتکراوەتەوە، هیز و ئامرازی بەرگری لەم هەلاواردن و قڵشتە قوڵە چینایەتیە و بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە و ڕێگەگرتنە لە یاساو ڕێسای ئاسایی ناو کۆمەڵگەو خێزانەکانە کە هەمیشە لەپێشتر و مۆدێرنتر و ئازادترە، لە یاسا باوە پەسەندکراوەکان. زیاتر لەوانە بێدەربەستی و نەپرسینەوەی یاسایی و جێ بەجێنەکردنی سزاکان لەسەر بەرپرسەکان و کەسانی سەر بەدەزگا ئەمنیەکان و بەرپرسە دەستڕۆشتوەکان کە تاوان ئەنجام دەدەن، وای کردووە ئەو کەسانە بێ سڵەمینەوە دەست بۆ چەک ببەن و کوشتار بکەن.

ئینسانی برسی کراو و دەروازە بەرووداخراودا، بۆ مانەوەی لە ژیان ناچارە دەستبداتە بەرگری سلبی و دەست بۆتاوان ببات، پەنا بۆ دزی ببات. ئینسانی بی ئومێدکراو هیوا خنکێنراو ناچارە دەست بۆ خۆکوژی ببات... هەموو تاوانەکانی کوشتن و خۆ کوژی و دزی و تالانی، ریشەیان لەو دۆخەدایە، خوڵقینەری ئەو دۆخەش، دەسەڵاتی سیاسییە.

لەگەڵ ئەوەدا رۆژ بەرۆژ رێژەی تاوانەکان زۆرتر دەبن و شێوی جیاواز بەخۆیانەوە دەگرن و قوربانیەکانی هەڵدەکشێن، کەچی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم کەخۆی لایەن و هۆکارێکی خوڵقینەری ئەو دۆخەیە، وەکو چاودێر مامەڵەی ئەو دۆخە دەکات لەجیاتی ئەوەی رێکار و ڕێگایەک بگرێتە بەر بۆ کەم کردنەوە و سنوردارکردنی، بێ باکە بەرامبەری.

**خۆشباوەری بە چەند ئاڵوگۆڕێك لە پرۆسەی بەڕیوەچوونی هەڵبژاردنی ئەمجارەدا، لەوانە سەرپەرشتی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی عێراقەوە لە جێگای کۆمیسیۆنی کوردستان. کەم کردنەوەی کورسیەکانی لە ۱۱۱ کورسییەوە بۆ ۱۰۰ کورسی. کەم کردنەوەی کورسی کۆتاکان لە ۱۱ وە بۆ پینج کورسی. بە چوار بازنەیی کردنی کورستان. کەم کردنەوەی ژمارەی دەنگدەرانی تایبەت بۆ نیوە. بەڵێنی پاك بەڕیوەچوونی هەڵبژاردنەکان و بوار نە هێشتنەوە بۆ ساختەکاری... زوربەی هەرە زۆری حزب و لایەنە بەشدارەکانی هەڵبژاردن و تەنانەت دەرەوەی سیناریۆی هەڵبژاردنەکانی، غافڵگیر کرد و ئاکامەکانی هەڵبژاردن، توشی ڕاچەنینی کردن.**

# شازدەهەمین لوتکەی بریکس لە کازان BRICS 2024



## نووسینی: عامر سابیر

لە 22 بۆ 24ی ئۆکتۆبەری 2024 لە شاری کازان، لە ڕوسیا شازدەهەمین لوتکەی ئەو ڕێکخراوە لە ژێر دروشمی "بەهێزکردنی فرەلایەنی بۆ گەشەپێدان و دادپەروەری و ئاسایشی جیهانی"( 1) بەسترا. میدیاکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا خۆیان پاراست لەوەی هیچی لە بارەوە بڵێن و هیچ باسیان نەکرد.

یەکەم لوتکەی وڵاتانی (بریک) لە ساڵی 2009 دا بەسترا کە پێک هاتبوو لە بەرازیل، ڕوسیا، هیندستان و چین. وە لە لوتکەی دووەمدا کە لە 2010 دا بەسترا، باشوری ئەفریقیاش زیاد کرا و ناوی ڕێکخراوەکە بوو بە (بریکس). کە ناوەکە (بریکس) لە یەکەم پیتی ناوی ئەو پێنج وڵاتەوە هاتووە.

لە لوتکەی ئەمساڵدا ( 2 0 2 4) کە کۆبوونەوەیەکی گەورەتر بوو، نزیک بە نوێنەری 3 6 وڵات لە سەرۆک و سەرۆکوەزیران و وەزیری دەرەوە، لەگەڵ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش تیادا بەشدار بوو. چوار وڵاتی تر کە لە 1ی جەنیوەری 2024وە زیارکرابوون بۆ ڕێکخراوەکە (ئیمارات، ئەسیوپیا، ئێران، میسر) بە ڕەسمی لەم کۆبوونەوەیەدا بەشداربوون. ئەرجەنینیش کە بڕیار بوو هەر لەمساڵدا ببێتە ئەندامی بریکس، بەڵام داواکەی کشاندبۆوە، لەپاش ئەوەی کە لە هەڵبژاردنی ئۆکتۆبەری 2 0 2 3 دا سەرۆکێکی باڵی ڕاست وپڕۆ ئەمریکا هاتە سەرکار (خافێر میلەی کە بە ترامپی ئەمریکای باشور ناسراوە). سعودیەش کە بە ڕەسمی داوای کردوە ببێتە ئەندامی (بریکس) بەڵام تا ئێستا بە ڕەسمی وەڵامی نەدراوەتەوە، وە تەنها بە وەزیری دەرەوە بەشداری ئەم کۆبوونەوەیەی بریکسی کرد لە کازان لە ڕوسیا. وە تا ئێستا زیاتر لە دوو دەرزەن وڵاتانی تر داوایان کردووە وە یان بەنیازی داواکردنن تا پەیوەستبن بە (بریکس)ەوە وەک مالیزیا و تورکیا و ئازەربایجان و تایلاند...هتد.

بەپێی پێشبینییەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی (کە دوو نیهادی سەر بە ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوان) گەشەی ئابووری بۆ ئەمساڵی 2024 بۆ وڵاتانی بریکس 19.2٪ بەم شێوەیە (بەرازیل 3٪، ڕوسیا 3 .6٪، هندستان 7٪، چین 4.8٪، ئەفریقای باشور 1.1٪). وە گەشەی ئابووری وڵاتانی (جی 7) تەنها 7.3٪، بەم شێوەیە (بەریتانیا 1.1٪، ئەمریکا 2.8٪، فەرەنسا 1.1٪، یابان 0.3٪، ئەڵمانیا 0.0٪، کەنەدا 1.3٪، ئیتالیا 0.7٪). واتە ئابووری (بریکس) بە خێرایی نزیک لە سێ هێندە زیاتر لە (جی 7) گەشە ئەکات.

لە ساڵی 1992دا ئابوری وڵاتانی بریکس تەنها 16.7٪ ئابووری هەموو دنیا بوو، لەبەرانبەردا ئابووری (جی 7) 45.5٪ هەموو ئابوری دنیا بوو. بەڵام لە ساڵی 2023 دا گەورەیی ئابووری بریکس بووە بە 37.4٪ ی ئابووری هەموو دنیا، وە لە بەرانبەردا ئابووری (جی 7) تەنها 29.3 ٪ ئابووری دنیایە. جیاوازی گەورەیی ئابووری بەینی ئەم دوو بلۆکە بەردەوام لە فراوانبوونەوەدایە. بریکس لە هەڵکشاندایە و (جی 7) لە هاتنەخوارەوەدایە.

وڵاتانی بریکس لە کۆتایی لوتکەی ئەمساڵدا ( 2024) ڕاگەیاندنێکی 33 لاپەڕەییان بڵاوکردەوە کە بە (ڕاگەیاندنی کازان- کازان دیکلەرەیشن) ناسراوە و 134 خاڵ لە خۆ دەگرێ.

ڕێکەوتنی چین و هیندستان لەسەر هاوکاریکردنی یەکتر بۆ چاودێری سنوری نێوانیان لە لایەن هەردوولاوە بە خاڵێکی پۆزەتیڤ باس ئەکرێ. لە ساڵی 2020 دا کە لە سەر ناکۆکی نێوانیان چەندین سەربازی هەردوولا کوژرا، ئەم ڕێکەوتنە گرینگە بۆ بریکس کە ئەمریکا و بەریتانیا بەردەوام ویستویانە ئەو کێشەیەی کە بەریتانیا لە کۆندا خوڵقاندوویەتی لە بەینیاندا بەکاربهێنن و هیندستان ڕاکێشنە بەرەی خۆیانەوە.

خاڵێکی تری ڕاگەیاندنەکەیان لەسەر هەوڵی دامەزراندنی سیستەمێکی نوێیە بۆ پارەدانی نێوان وڵاتان کە پشت بە دۆلاری ئەمریکی نەبەستێ. تا ئێستا ئەمریکا بەتایبەت و لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا کۆنترۆڵی سیستەمی پارەدانیان کردووە لە دنیادا کە لە ڕێگەی سیستەمی (سویفت)( 2) ەوە کۆنترۆڵی هەمووجووڵەیەکی پارەیان کردوە لە تەواوی دنیادا. وە بە تایبەت لە دوای کەوتنی یەکێتی سۆڤییەت و بوونی ئەمریکا بە تاکە جەمسەر و پۆلیسی دنیا لە 1 9 9 1ەوە، ئەمریکا بەردەوام ئەم سیستەمەی هاوکێشی گەمارۆ ئابوورییەکانی کردووە و لەدژی هەموو نەیارەکانی بەکارهێناوە و داخوازییەکانی خۆی سەپاندووە بەسەر ئەوەی ویستوویەتی و کەس نەبووە لەبەرانبەریدا بووەستێتەوە و وەک ئامرزای کودەتا و سیاسەتی ڕژێم چەینج بەکاریهێناوە.

لەسەروبەندی بەستنی لوتکەی بریکس 2024 دا، قسەکەری وازارەتی دەرەوەی ئەمریکا (ڤیدانت پەتێڵ) لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کە "پەرەپێدانی بەدیلێک بۆ سیستەمی سویفت و تێکدانی ڕۆڵی دۆلار هەڕەشە لە دیموکراسی ئەکات و ئەمریکا ناتوانێت ڕێگەبدات ئەوە ڕووبدات"(3). ئەمریکا تەنها هەڕەشە و شەڕ و ملهوڕی سەربازی بۆ ماوەتەوە کە سیاسەتەکانی پێ بەرێتە پێشەوە.




لە 8ی جونی 1974 دا سعودیە و ئەمریکا عەقدێکی 50 ساڵەیان ئیمزاکرد لەسەر ئەوەی کە سعودیە نەوتەکەی بە دۆلاری ئەمریکی بفرۆشێ و ئەو پارەیەی کە لە نەوت دەستی ئەکەوێت ئەبێت لە ئەمریکا دایبنێ و لەوێ بیخاتە گەڕەوە. لە 8ی جونی ئەمساڵدا ئەو عەقدە کۆتایی هات و سعودیە پەیماننامەکەی تازە نەکردەوە. ئەمە لەپاڵ هەڵکشانی بریکسدا هێمایەکی تری دابەزینی دەوری دۆلاری ئەمریکا بوو لە جیهاندا. بۆیە لە ئێستادا زۆر لە بانکی ناوەندی وڵاتانی جیهان لەهەوڵی گۆڕینی یەدەگی پارەکانیانن لە دۆلاری ئەمریکییەوە بۆ شتی تر.

بەدوای شەڕی ئۆکرانیا و داسەپاندنی دایکی هەموو گەمارۆ ئابوورییەکان بەسەر ڕوسیادا لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە، هاوکاری نێوان وڵاتانی (بریکس) پەرەیسەند و وڵاتانی بریکس بەپارەی وڵاتانی خۆیان و بەبێ بەکارهێنانی سیستەمی سویفت و دۆلاری ئەمریکی ئاڵوگۆڕی شتومەک ئەکەن. ئەمە دەوری دۆلاری ئەمریکای هێناوەتە ئاستێکی خوارتر و دەوری ئەو چەکە کوشندەیەی ئەمریکا (واتە گەمارۆی ئابووری) کە لە دژی روسیا بەکاری هێنا، پووچەڵ کردەوە. ئەگەر وڵاتانی جیهان بکەی بە چوار بەشەوە، سێ بەشی کەوتۆتە بەر گەمارۆی ئابووری و هێرشی سەربازی و بەرپاکردن و هەوڵدانی کودەتا بۆ گۆڕینی ڕژێمەکانیان و دانانی کەسانی سەر خۆیان.

جیاوازییەکی بنچینەیی ئەمریکا و (جی7) لەگەڵ چین و بریکس، ئەوەیە کە ئەمریکا بەردەوام ویستوویەتی کە لیبرالیزم و دیموکراسی پەرلەمانییەکەیان بەزۆر بە هەموو دنیادا بڵاوبکەنەوە و هەموو کەس وەک خۆیان لێ بکەن و لەم پێناوەدا شەڕ و تیرۆر و داگیرکاری و گەمارۆی ئابووری پیادەکردووە. لەبەرانبەردا چین و بریکس باوەڕی بەوە نییە کە دەستخەنە نێو کاروباری ناوخۆی وڵاتانی ترەوە، باوەڕیان بە جیاوازی و هەمە ڕەنگی هەیە و بۆ نمونە سیستەمی بەڕێوەبردن لە چین بە بەراورد بە هیندستان زۆر جیاوازە، سیستەمی بەڕێوەبردن لە ڕوسیا بە بەراورد بە بەرازیل و باشوری ئەفریقا زۆر جیاوازە و ئەمانە کێشەیان نییە تا خۆیان وەک یەک لێبکەن، یان کەسانی تر وەک خۆیان لێ بکەن.

بەرزبوونەوەی بریکس و لێژبوونەوەی ئەمریکا و جی 7، گۆڕانکارییەکی گەورەی ئابووری و سیاسی و جیۆپۆلیتیکی نێو چینی بۆرژوازی دنیای ئەمرۆیە کە کاریگەری گەورە لەسەر هەموو شتەکان دادەنێت، لە نێویشیدا تێکۆشانی چینی کرێکار و بزووتنەوە کۆمۆنیستییەکەی بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و بنیاتنانی سۆشیالیزم و دنیایەکی باشتر. ئەم گۆڕانکارییە گەورەیە نابێت نادیدە بکرێ لەلایەن هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاری و کرێکارانی سۆشیالیست و کۆمۆنیستەکانەوە.

**تێبینی:**

1

**Strengthening Multilateralism for Just Global Development and Security.**

2

**SWIFT=Society for Worldwide Interbank Financial Telecommunications.**

3

**Vedant Patel, a spokesperson for the United States Department of State**

**“The development of an alternative to SWIFT System and the undermining the dollar’s role, threaten democracy□□□..so US of course can’t let that happen”**

*********

پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

## پرسی ڕۆژ

### کەمپەینی وەستانەوە بەدژی هەمواری یاسای باری کەسێتی یاسای ١٨٨ ی عێراقی

### ژمارەیەك لە ژنان و پیاوانی بەرگریکار لە مافەکانی ژنان، سەبارەت بە هەمواری یاسای باری کەسێتی بۆ بۆپێشەوە دەدوێن...

# پرسی ڕۆژ

# هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی لەعێراق

**لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی قەومی تایەفی و دینی لەعێراق، چەند جارێک هەوڵدراوە یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ وبەتایبەت برگەکانی تایبەت بە تەمەنی هاوسەرگیری کچان وتەڵاق ومیرات ونەفەقە هەموار بکرێتەوە. جارێک بەناوی جێگرتنەوەی شەریعە بۆئەو یاسایە وجارێکی تر بەناوی یاسای جەعفەری لە ٢٠٠٣ ەوە حزبە ئیسلامیەکان و بەتایبەت باڵی شیعە دەستپێشخەریان کرددوە. ئەوا جارێکی دیکە لەهەوڵێکی دیکەدا بۆبنیاتنانی دەوڵەتی شیعی لەڕێگەی گۆڕین و هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی لەعێراق هەنگاوی یەکەمیان ئەوەبوو لە ٥ی ئابی ئەم ساڵدا هەموارکردنەوەکە لەلایەن پەرلەمانتار رائد المالکی (چوارچێوەی هاوئاهەنگی) یەوە پێشنیارکرا وخوێندنەوەی یەکەمی بۆکرا.**

**بەپێی پسپۆریەکەتان لە کارو ژیانی خۆتان، ئەم هەموارکردنەوەیە چ کاریگەریەکی ئەبێت بەسەر کۆمەڵگە بەگشتی و بەسەر تاکی کۆمەڵگە بەتایبەت و بۆنەوەی داهاتوو؟**

### خدیجە رشید: پسپۆڕی نەخۆشیەکانی ژنان و منداڵ بوون لە بریتانیا..



هەمواركردنی یاسای باری كەسیەتی عیراق ژمارە، ١٨٨ و تایبەت بە بەندی كەمكردنەوەی تەمەنی کچان بۆ ٩ ساڵ، وبەیاساییكردنی بە ناوی بەشوودان و زواج لەلایەن خێزانەكەی كە لەراستیدا ئەتككردنی مناڵانە (غتصاب الاطفال ). لێرە نە شووكردنە و نەزەواج؛ چونكە ئەمەی دوایی ڕازی بوونی دوو تاكە كاتێک لەتەمەنێكدان توانای بریاریدانیان هەبێت، كۆنەپەرسترین و بەربەریترین یاسایە دژ بەمناڵان و دواییش بە ژنان.

من لێرەدا وەک پزیشكێكی پسپۆر لە نەخۆشیەكانی ژنان، وشارەزا لەجەستە و پێكهاتەی كۆئەندامی مێینە، ئەتوانم بڵێم ئەم جۆرە دەستدرێژیە سێكسیە زیانێكی راستەوخۆی جەستەیی زۆرە لەسەر مندالان، بێجگە لە زیانە دەروونی و كۆمەڵایەتیەكان.

كۆئەندامی سێكس و زاوزێی مێینە پێش هەژدە ساڵ هێشتا لە قۆناغی گەشەدایە، و كامڵ نەبووە، و كرداری سێكسی دەبێتە هۆی بریندارکردن و خوێن بەربوون لێی، كە لەوانەیە منداڵەكە پێی بمرێت! هەروەک ئەو مناڵە یەمەنی یە دەساڵەی چەند ساڵێک پێش ئێستا گیانی لەدەستدا، لەپاش چەند ساتێک لە ئەتككردنی لەلایەن ئەو پیاوەی مارەیان لێكردبوو، ئەمە و بێجگە لەتووشبوون بە هەوكردن و ئیلتهابات.

ئەگەر ئەم منداڵە بەخت تۆزێک یاوەری بێت، و نەمرێت وسکی پڕبوو (دووگیان) ئەوا مەترسی منداڵ لەبارچوون، مناڵی ناكام و منداڵبوون لەڕێگەی نەشتەرگەری ( Caesarean section )زۆرە، چونك نە ئێسقانی حەوزی، نە ناولەشی بەرگەی تێپەڕبوون و دابەزینی منداڵەكە نادات، و ئەگەر بەهەر هۆكارێک بێت بە سرووشتی منداڵەكەی ببێت هەروەک لە هەندێ ناوچە دوور لە نەخۆشخانە و كەسانی شارەزای بواری منداڵبوون ئەكرێ ڕوو بدات؟ ئەوا ناو لەشی ئەو كچە وا ئەدرێت كە پێش و دواوەی دەبێتە یەک (Recto-vaginal fistula)و ئەمەش كاریگەریەكی دەروونی گەورەی هەیە دەبێتە هۆی لەدەستدانی ئارەزووی سێكسی خۆی و بەرامبەرەكەی و چارەكردنی ئاسان نییە.

لیكەوتەیەكی تری ئەم جۆرە لە سێكسكردنە زۆرە ملێیە دەبێتە هەوێنی نەخۆشیەكی درێژخایەن پێی دەووترێت (Chronic pelvic pain)بەواتای ئازاری بەردەوامی حەوز، لەبەریتانیا ساڵانە ملیۆنەها پاوەندی بۆ تەرخانكراوە، و زۆری تووشی ئەو ژنانە دەبێت كە بە منداڵی دەستدێژیان كراوەتە سەر. بێگومان دەكرێ زۆر لەسەر ئەم باسە بووترێت، من لێرە بەكورتی ئەڵێم سێكسكردن لەگەڵ منداڵان و سكپڕبوونیان كارەساتە و شەرمەزاریە بۆ كۆی كۆمەڵگە!

### بەڵێن ئیسماعیل: چالاکوانی مەدەنی



هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ ی ساڵی ١٩٥٩، هەموار کردنەوە نییە؛ بەڵکو هەنگاوێکە بۆ بەرەو دوابردنی کۆمەڵگەو غەرقکردنیەیەتی لەکۆنەپەرسترین ونائینسانیترین یاسا.

ئەمریکا، پاش داگیرکردنی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣ بەپێچەوانەی چاوەڕوانیەکانی خەڵک، گورزێکی کوشندەی لەهەرچەشنە هەوڵێک بەئاراستەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەعێراق وەشاند! ئەویش لەڕێگای بوژاندنەوەی دامەزراوە ئاینیەکان ودیوەخانی عەشایرەکان، زۆرێک لەدۆسیەکانی کوشتن وبەشودانی بەزۆرو دەستدرێژی بۆسەرکچان و ژنان خرانە بەردەم پیاوانی ئاینی و دیوەخانی سەرۆک عەشیرەتەکان، ئەوانیش بەگوێرەی بەرژەوەندی ومیزاجی خۆیان، لەبری یاساو دادگا، لەبەرژەوەندی پیاوان، کۆتاییان بەکێشەکە دەهێنا!
دەکرێ چاوەڕوانی کارەساتی زیاتر بکەین، ئەگەر هەموو ئازادیخوازان لەدژی ئەم پلانگێڕیە مەترسیدارە نەوەستنەوە!
کارکردن لەسەر هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی لە پەرلەمانی عێراق: ئەوە هەوڵێکی ئێجگار مەترسیدارە لۆ ڕێگەدان و بەیاساییکردنی تاوانێکی ئێجگار گەورە بەگوێرەی هەموو بنەما جیهانییەکان و دەزگایە تەندرووستییە جیهانییەکان، کە ئەویش دەستدرێژیی سێکسییە بۆ سەر منداڵ. بەگوێرەی هەموو بنەما جیهانییەکان، ئەو کارە دەستدرێژیی سێکسییە، توندوتیژییە، دژی مافەکانی منداڵە، دژی مافەکانی مرۆڤە، منداڵبازییە، زەبردانە، و تاوانە، لە ڕووی دەروونی و عەقڵی و جەستەیی و سێکسی و عەتفییەوە، بۆ سەر منداڵ. بەهۆی ئەو دەستدرێژییەوە، منداڵ تووشی دەیان کاردانەوە و نەخۆشیی دەروونی و عەقڵی و جەستەیی و سێکسی و کۆمەڵایەتی، لە ئێستا و داهاتوو، دەکاتەوە.

### سروە فەریق: چالاکوانی مافی ژنان



دەربارەی هەمواری یاسای باری کەسێتی

لە دوای جەنگ و داگیرکاری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و بە دەسەڵات گەیشتنی ڕەوتە ئیسلامییەکان لە عێراق، هاوسەرگیری منداڵان زیادی کردووە. هاوکات کۆمەڵێک دیاردە و کێشە جددی ڕووی کردۆتە کۆمەڵگە و هێشتا چارەسەرنەکراون، لێرەدا باس لە هەندێکیان دەکەین.

بە پێی دوایین ئاماری یونیسێف، کە لە مارسی ئەمساڵدا بڵاوکراوەتەوە، لە عێراق ٢٨٪ی کچانی خوار ١٨ ساڵ دەخرێنە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە. هەروەها لە ڕاپۆرتی نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عێراق (یونامی) هاتووە، کە

٢٢٪ی ئەو هاوسەرگیریانەی تۆمار نەکراون، بۆ کچانی خوار تەمەن ١٤ ساڵان ئەنجامدراوە. هەر بۆیە ئەم ڕێکخراوانە هۆشداریان داوەتە عێراق لەبارەی زیانەکانی هاوسەرگیری منداڵان و داوای کردووە، کە حکومەت بە جددی کار لەسەر ئەم بابەتە بکات، تا هاوسەرگیری منداڵان بەم شێوەیە بەردەوام نەبێت.

ئەم ئامارانە خۆی لە خۆیدا مەترسی و کارەساتە. بۆ کۆمەڵێک لایەنی سیاسی ئەم ڕێژانە نەک مایەی ڕاچڵەکین نییە بۆیان،

بەڵکو دەیانەوێت هاوسەرگیری منداڵانی نۆ ساڵان بکەنە یاسایی. لە مانگی مارسدا هۆشداریان پێدراوە، کار بکەن بۆ کۆتاییهێنان بە هاوسەرگیری منداڵان، بەڵام پێنج مانگ دواتر دروست بە پێچەوانەوە کار دەکەن بۆ بەیاساییکردنی هاوسەرگیری منداڵان!

یەکێکی تر لە گرفتە دڵتەزێنەکانی کۆمەڵگەی عێراق ئەو هاوسەرگیریانەن، کە لە ژێر چاودێری پیاوانی ئاینی و دەرەوەی یاسا ئەنجام دەدرێن. لەبەرئەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری فەرمیان نییە، زۆرێکیان لە خزمەتگوزارییەکان بێبەش دەبن. کەیسی یەکجار زۆر بووە، کە لە نەخۆشخانە نەتوانراوە ژنانی دووگیان و ئامادە بۆ منداڵبوون وەرگرن، لەبەر ئەوەی گرێبەستی هاوسەرگیریان نییە. هەروەها پاش جیابوونەوەش، کۆمەڵێکیان بێ بەڵگەنامەی پێویست بێماف دەمێننەوە.

لە ئێستادا زۆرێک لەوانەی لە دەرەوەی یاسا و لە سایەی مەلاکاندا هاوسەرگیریان ئەنجامداوە و بێ بەڵگەنامەی فەرمین، دەیانەوێت هاوسەرگیرییەکەیان فەرمی بکەن. گەر دادگا فەرمی نەکاتەوە، ئەوا ژنەکە و کۆرپەلەکەش بێماف و تەنانەت بێ ناسنامەش دەمێننەوە، گەر هاوسەرگیرییەکەشیان فەرمی بکرێتەوە، ئەوا دەسەڵاتی ڕەها دەدرێتە پیاوانی ئاینی، کە بە ئارەزووی خۆیان بڕیار بدەن و گرێبەست ئەنجام بدەن، دواتر دادگا بۆیان دەکاتە یاسایی. بۆیە هاوسەرگیری منداڵان و لە دەرەوەی دادگا و کەناڵی فەرمی، دەبێت کۆتایی بێت.

دووبارە ئەم لایەنە سیاسیانەی لە بری بیرکردنەوەیەک لە چارەسەری ئەم دیاردە دڵتەزێنانە، لە خەمی بە فەرمیکردن و شەرعیەتدانن پێی. ئامانجی تێرکردنی ئارەزووەکانی پیاوانیان کردۆتە ئامانج و کێشەیەکیان لەگەڵ ئەوەدا نییە، کە ژنان و منداڵانی زیاتر و زیاتر ببنە قوربانی.

بیستنی ئەم دیاردانە خۆی لە خۆیدا دەبێتە مایەی دڵتەنگی زۆر بۆ هەر ویژدان زیندوویەک، بەڵام کاتێک من خۆم بە کردەوە لە ڕێگای کارمەوە بەرکەوتەم لەگەڵ قوربانیانی ئەم دیاردانە دەبێت، خەم و دڵتەنگی زیاتر دەبێت. یەکجار سەختە مرۆڤ بتوانێت باوەڕ بەوە بکات، کە کەسێک بۆ نمونە لە دووهەزارەکاندا لە دایکبووبێت، بەڵام خاوەنی چەند منداڵ بێت، لە نێویاندا منداڵی هەرزەکار. بەرکەوتە لەگەڵ قوربانیانی ئەم دیاردانە، پێویستی زیاتری بەرپەرچدانەوەی پرۆژەیاسای پێشنیارکراو دێنێتە پێشەوە.

شایەنی ئاماژەیە، کە یاسای ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ لە سەردەمی خۆیدا مۆدێرنترین یاسا بوو لە جیهانی عەرەبی، و بە بەراورد بە وڵاتانی تری عەرەبی. بەڵام ٦٥ ساڵ دواتر هەوڵ هەیە بۆ داسەپاندنی کۆنەپەرسترین یاسا لە هەموو جیهان. ئەمە یاسای داعشە. ئەگەرچی کۆمەڵگە بەرانبەر داعش جەنگی و دەسەڵاتی فەرمی نییە، بەڵام دەسەڵاتدارانی عێراق خەریکن یاساکانی داعش دەکەنە یاسای فەرمی وڵات.

هەڵبەت یاسا کۆنەکەش بێگرفت نییە. بۆنمونە کاتێک هاوسەرگیری خوار ١٨ ساڵانی قەدەغەکردووە، بەڵام مەحاڵی نەکردووە. دەسەڵاتی داوەتە باوک، کە بڕیار لەسەر هاوسەرگیری کچی ١٥ ساڵان بدات. هەروەها دەسەڵاتی تەنفیزی ئێستا تەنها مەلایەکی دادگایی نەکردووە لەسەر ئەوەی، کە منداڵی خوار ١٨ ساڵ و تەنانەت خوار ١٤ ساڵانیشی خستۆتە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە. نەک هەر ئەمە، تەنانەت بە ئاشکرا نووسینگەی تایبەتیان هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەیان.

واتە هەر لە ئێستادا ژنان لە عێراق ڕووبەڕوون لەگەڵ دنیایەک کێشە و گرفت و بێمافی، بەڵام دەسەڵاتداران و هەندێک لایەنی سیاسی دەیانەوێت ئەم کێشە و گرفتانە قووڵتر و فراوانتر بکەنەوە و بە یاساییشی بکەن. پێویستە بە توندی بەرانبەر ئەم هەوڵانە بوەستینەوە و ڕێگە لە جێبەجێکردنی بگیرین.

بەپێی پسپۆڕیەکەتان لە کارو ژیانی خۆتان، ئەم هەموارکردنەوەیە چ کایگەریەکی ئەبێت بەسەر کۆمەڵگە بەگشتی وبەسەر تاکی کۆمەڵگە بەتایبەت وبۆنەوەی داهاتوو؟

بڕیاری هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی

## نەغەدە عوسمان: ئەندامی گروپی تەحالوفی ١٨٨



هەوڵدان بۆ هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی لەلایەن هێزە شیعەکانی دەسەڵاتدار لە عێراق، و پێشنیارکردنی بۆ بڕیاردان لەسەری لە پەرلەمانی عێراقدا، مانای هەوڵدانە بۆ گەڕانەوەی کۆمەڵگەی عێراق بۆ چەندین سەدە کە ژنان کۆیلەی یاسا پیاو سالاری و کۆنەپەرستی و دژی ژنان بوون لەسایەی دەسەڵاتداری ئیسلامیدا. هەرچەندە ئەم هەموارکردنە تائێستا جێگای خۆی لەناو یاساکانی عێراقدا نەکردۆتەوەو کاری پێناکرێت، بەڵام ئەوە چەندین جارە لایەنە شیعەکان لە هەوڵی ئەوەدان لە پەرلەماندا دەنگی لەسەر بدرێت و بەسەر ژنان و کچانی تەمەن نۆ ساڵدا وەک بەندێکی یاسایی بەزۆر بیسەپێنن.

هێنانی ئەم یاسایە لەئێستادا بەجیا لەوەی نیشاندانی واقعیەتی ئەوپەڕی کۆنەپەرستی و دڕندەیی لایەنە شیعەکانە بەرامبەر ژنان و منداڵان بەتایبەت وکۆمەڵگە بەگشتی، لە هەمانکاتدا مانای داسەپاندنی دەسەڵاتێکە کە بوار بەهیچ هەواو هەناسەیەکی ئازادی و ئینساندۆستی نادات، تا لەم ڕێگەیەشەوە بتوانن تەواو کۆنترۆڵی سەرمایە و سامانی عێراق بکەن و هەژاری و زەلیلی و داماوی بکەنە واقعیەتی ژیانی خەڵکی عێراق. لە هەمانکاتدا ژنان و کچانی نۆساڵ بکەنە قوربانی ئارەزوە سێکسیەکانی خۆیان.

ئەم هەوڵەی لایەنە شیعەکان لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و زەلیلکردنی ژنان، لەو شوێنەوە دەیانەوێت پیادەی بکەن کە زۆرینەن لە پەرلەماندا، واتە لەم ڕێگەیەوە سروشتێکی یاسایی بدەن بەم هەموارکردنەی یاسای باری کەسیەتی، ئەمەش لەلایەک وەک هەلێکی زێڕینیە بۆ شیعە بۆهێنانەدی خەوی دێرینی کۆنەپەرستانەو دڕندانەیان، لەلایەکی ترەوە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ئێرانە، هەرچەند بڕیارەکە بەهۆی ئاستی هاوسەنگی هێزەکەیانەوەیە بە بڕیاری کۆتایی نەگەیشتووە، چونکە لە بەرامبەر خەڵک و لایەنە سیاسیەکانی تردا لەو ئاستەدا نین کە بە ئاسانی ئەم هەموارکردنە تێپەڕێنن، بۆیە لە چەندین کۆبونەوەی پەرلەماندا تێپەڕاندنی دوادەخرێت. هەر بەو هۆکارەی لەئێستادا شیعە دەسەڵاتی زۆرینەی لە عێراقدا هەیە، لەهەوڵی بەردەوامدایە بۆ بەشیعەکردنی حوکومرانی لە عێراقدا، هەڵبەتە پڕیشکی ئەمەش کاردانەوەی دەبێت لەسەر کوردستان بەو هۆکارەی بەشێکە لەعێراق، دەزانین دەسەڵاتی کوردیش لەئێستادا ملکەچی فەرمان و یاساکانی حکومەتی ناوەندە بەتایبەتی لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەر ی ٢٠١٧ەوە، کە دەسەڵاتی هەرێم لاوازترە لەبەردەم حکومەتی عێراقدا.

هەروەها ئەوەش کە جێگای ئاماژە پێکردنە؛ ئەم بڕیارە تەواوی باڵەکانی شیعە پەسەندیان نەکردووەو تائێستا جێگیر نەبوە، و نەبوە بەیاسایەک کاری پێبکرێت. لەلایەکی ترەوە خەڵکی ئازادیخوازو یەکسانیخوازی بەغداد، و بگرە ناوجەرگەی شیعە کەنەجەفە، ژنانی ناڕازی هاتنە سەرجادە بە دەیان دروشمیان بەدژی بڕیارەکە بەرزکردەوە، و بەڕویدا وەستانەوە. هەرچەند دەسەڵات دەستیکرد بەگرتن و ڕاوەدونانی خەڵکە ناڕازیەکە، بەڵام تائێستا ئەم بڕیارە بەری پێگیراوە و ماوەتەوە.

جێی باسە هەرچەند گفتوگۆ لەسەر ئەم بڕیارە بکرێت نارەزایەتی لەبەرامبەریدا نیشان بدرێت کەمە، چونکە بەچەسپاندنی کاریگەری گەورەی لەسەر تەواوی دۆخی ژیانی کۆمەڵگەی عێراق دەبێت، کە دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەدان ساڵ دواوە. بڕیارێکی وا قێزەون گەشەی هزری ژنان و پەروەردەو کۆمەڵاتی دەباتە دواوە، کاتێک کچێکی تەمەن خوار دوانزە ساڵ بدرێ بەشو چ کارەساتێکە! و زۆرێک لەمافەکانی زەوت دەکرێت و خێزانێکی تەواو دواکەوتو بێبنەما دروستدەبێت و کۆمەڵگەی عێراق سەرلەبەر هەڵدەوەشێتەوە .

ئێمە لەبەر ترسناکی ئەم بڕیارە؛ لەسلێمانی چەندین گروپ و ڕێکخراوی ژنان بە بەشداری چەندین پیاوانی یەکسانیخواز بۆپشتگیریکردنی ژنانی عێراق و پشتیوانیکردنیان، هەروەها ڕێگریکردن لە چەسپاندنی ئەم بڕیارەو نزیکبونەوەی دەسەڵاتی کوردی لێی خۆمان ڕێکخستوە، چەندین چالاکی و کۆبونەوەمان جێبەجێکردوە، بۆ زیاتر وەستانەوە لەدژی ئەم هەموارکردنەوەیە. لە بەغداو شارەکانی خواروی عێراق، پێویستە گەنجانی تشرین جارێکی تر لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنانی ناڕازی و تەواوی پیاوان و ڕێکخراوە ئازادیخوازو یەکسانیخوازەکان بە دژی ئەم یاسایە بێنە سەرجادەو ڕێگربن لەوەی کەپەرلەمان جارێکی تر خوێندنەوە بۆئەم یاسایە بکات و بتوانێت بیخاتە ناو دەستوری کۆبونەوەکانیەوە.

پێویستە ئاکامی پەسەنکردنی ئەم یاسایە مانای هەڵوەشانەوەی پەرلەمان و ڕوخانی حکومەتی مەزهەبی و شیعەی عێراقی لێکەوێتەوە....

# تایبەتمەندییەکانی هەڵبژاردن لە دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستاندا

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

بەشی یەکەم لە دیمەن و سیناریۆی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، کۆتایی هات. دیمەنی دووەمی ئەم سیناریۆیە ماوەتەوە، لە قبوڵکردن و یان رەتکردنەوەی ئاکامەکانی هەڵبژاردن، پێکهێنانی هاوپەیمانیەتی، نەخشەی لایەنەکان بۆ بەشداری و بەتایبەتی پارتی و یەکێتی، گرفتەکانی بەردەم پیکیهینانی کابینە نوێ و ململانێی نیوان پارتی و یەکێتی لەسەر پۆستەکان، جێگای هیزە ئۆپۆزیسیۆنە! بۆرژوازییەکان، لە حکومەتی! تازە و رۆڵی جەمسەرە ناوچەیەکان...تاد.

لە دیمەنی یەکەمی سیناریۆی هەڵبژاردنەکاندا، کاردانەوەکان بەوەی دیزاینی پێش وەختەکراوە، ساختەکاری ئەلەکترۆنی ئەنجام دراوە، دەنگ دزراوە و یان هەژمار نەکراوە... بەردەوامە. هەموو ئەو حزب و لایەنە سیاسیانەی بەر لە هەڵبژاردن پێداگرییان لەسەر پاکی بەڕیوەچوونی هەڵبژاردنەکان دەکرد تا جەماوەری کوردستان راپیچی بەردەم سندوقەکانی دەنگدان بکەن، ئێستا هاواریان لێ هەڵساوە کە ساختەکاری بە نەخشەو دیزانی پیش وەختە و بەرمەجەی ئامیرەکانی خوێندنەوە لە قازانجی چەند لایەن و بەڕیکەوتن کراوە، بۆتە هاوارێک بۆ رەتکردنەوە و یان بۆ سازشکردن بەدەستەوە گیراوە.

خۆشباوەری بە چەند ئاڵوگۆرێک لە پرۆسەی بەڕیوەچوونی هەڵبژاردنی ئەمجارەدا، لەوانە سەرپەرشتی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی عێراقەوە لە جێگای کۆمیسیۆنی کوردستان. کەم کردنەوەی کورسیەکانی لە ١١١ کورسییەوە بۆ ١٠٠ کورسی. کەم کردنەوەی کورسی کۆتاکان لە ١١ وە بۆ پینج کورسی. بە چوار بازنەیی کردنی کورستان. کەم کردنەوەی ژمارەی دەنگدەرانی تایبەت بۆ نیوە .بەڵێنی پاک بەڕیوەچوونی هەڵبژاردنەکان و بوار نە هێشتنەوە بۆ ساختەکاری... زوربەی هەرە زۆری حزب و لایەنە بەشدارەکانی هەڵبژاردن و تەنانەت دەرەوەی سیناریۆی هەڵبژاردنەکانی، غافڵگیر کرد و ئاکامەکانی هەڵبژاردن، توشی ڕاچەنینی کردن.

ئەم ئاڵوگۆڕانە لە بنەرەتدا بەشیکە لە رەوەندێکی گەورەتر کە لەچوارچیوەی ململانێی دەسەڵاتی بەغدا و هەرێمدا کە چەندین ساڵە دەچیتە پیشەوە. سەرەتا بە دەرهینانی پرسی نەوت و غاز و ئابوری لەدەستی هەرێم بەپێی بڕیارەکانی دادگای فیدرالی دەستی پیکرد و پێی نایە بڕگەی تەواوکاری، یان بڕگەی دووەم، کە گێرانەوەی هەژموونی دەستوری و یاسایی و حقوقی و بڕیاری سیاسییە بەسەر دەسەڵاتی هەرێمدا. لەو چوارچێوەیەدا دەرهێنانی بڕیاری چۆنیەتی بەڕیوەچوونی هەڵبژاردنەکان و ژمارەی کورسی و بازنەکان و سەڵاحیەتی کۆمیسیۆنی سەراسەری عیراق...تاد رەوەندیکە بۆ ئاراستەی زامنکردنی هەژموون و رۆڵی دەستور و توانایی دەسەڵاتی فیدرالی بەغدا بەسەر فیدرالیزم و دەسەڵاتە لۆکاڵیەکاندا...

پشت بەستن بەو ئاڵوگۆرانەو مایە هەڵچینی لەسەر ئەوەی کە دیزاینی دەسەڵاتداریێتی هەرێم دەگۆرێت، و تەنانەت هەڵبژاردنەکان دەتوانن گۆرانکاری گەورەو کاریگەر بەدوای خۆیدا بێنێ، قوربانیەکانی ئەوان بوون کە خوێندنەوەیان بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانە، روکەش و کورت بین بوو. وە لەوە زیاتر تینەگەیشتنە لە تایبەتمەندییەکانی هەڵبژاردن لە دۆخی ئێستای سیاسی هەرێمدا. دۆخێک کە نەکوردستان دەوڵەت و وڵاتێکەو نە هەرێمێک کە حکومەت و پەرلەمان تییایدا، رۆڵی حکومەت و پەرلەمانێکی رۆتین دەگێرن، بە وێنەی هەر حکومەت و پەرلەمانێک کە لەدنیا و سیستەمی باوی بۆرژوازییدا هەیە. گەمەی چوار ساڵێک یان زیاتری هەڵبژاردن لە دۆخی تایبەتی هەرێمدا زۆرتر ئاژیتاسیۆن و مانۆرێکی سیاسییە، بۆ پێکهێنانی پەرلەمانێکی کارتۆنی و ڕوپۆشێک بۆ دەسەڵاتی میلیشیایی و حزبۆکراتی.

لەگەڵ ئەوەدا کە هەڵبژاردن ناتوانێت و ڕیگەیەک نییە بۆ ئاڵوگۆری شۆرشگێرانەوە بنەرەتی و ناتوانێت دەست ببات بۆ پایە سەرەکیەکانی سیستەمی ئابوری و سیاسی و لە بنەرەتدا بۆ رەوایەتی بەخشین بەو سیستەمەو بەرگری لێکردنیەتی، بەڵام دەکرێت لە زۆریک لە ولات و دەوڵەتەکانی دنیادا هەڵبژاردن هەندێک ریفۆرمی بەرچاو لەزۆر زەمینەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاسایی و حقوقی و مافی تاک و هاوڵاتیان و تەنانەت دەستاو دەستکردنی دەسەڵات، بەدوای خۆیدا بهێنێت، تەنانەت دەکرێت لە کۆنەپەرستیرن دەوڵەتدا، لە رێگای هەلبژاردنەوە ئاڵوگۆر رووبدات و دیزاینی سیاسی تارادەیەک لەرێگای هەڵبژاردنەکانەوە بگۆرێت و رووبدات و هەندێک ریفۆرم بەدوای خۆیدا بهینێت.... بەڵام بوونی چەند تایبەتمەندیەک لەهەر ولات و دەوڵەتیکدا دەتوانێت ریگەی هەر ئاڵوگۆرێک بگرێت و دیزاینی سیاسی لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا، توشی راگرتن و چەق بەستووی بکات. بەشیکی سەرەکی لەو تایبەتمەندیانە لەکوردستاندا ئامادەییان هەیە، کە هەڵبژاردنەکانی جیا دەکاتەوە لە هەر هەڵبژاردنێکی تر، لە ئاستی دنیا و سیستەمی بۆرژوازیدا.

١/ هیزی چەکدار و ئەمنی... لەهەر جێگایەکی ئەم دنیاییە هیزی چەکدار و ئەمنی سەربەخۆ و دابڕاو لە دەسەڵات و بێلایەن نەبوو، موڵکی حزب و دەسەڵاتی حزبۆکراتییە.... ناکرێت هێزی چەکدار و پۆلیس و ئاسایش و ...تاد، سەر بە حزبی سیاسی بن و دەنگ و پشتیوانیان بۆ ئەو حزبە سیاسییە نەبیت... ئەگەر لێرەو لەوێ کەسانێک لە چوارچیوەی هیزی چەکداردا پابەندی دەنگدان بە حزبەکەشیان نەبن، یان بەشداری نەکەن، بەڵام زۆرینەی دەنگی بۆ حزب و موڵکی ئەو حزبەیە... ئەم تایبەتمەندییە لە هەر هەڵبژاردنێکدا لایەنێکی یەکلاکەرەیە.... وە ئەم حاڵەتە زۆر دەگمەنە لە ئاستی دنیادا و دەکرێت دەوڵەت و دەسەڵات تەنانەت کۆنەپەرست و دینی و قەومی.... بن، بەڵام هیزی چەکدار بەشێک نەبێت لە هێزی حزب و دەسەڵاتی حزبی.

٢/ بەستنەوەی قوتی هاوڵاتیان بە دەسەڵاتی حزبییەوە... لەهەر کۆمەلگەیەکدا دەوڵەتی و نا دەوڵەتی، کار دەستە کەوتن و دامەزراندن، بەدەستی حزبەوە بوو، ئەو لەشکرە لە هاولاتیان کە حزب کاری بۆ دابین کردوون و دایمەزراندون، لە هەر هەڵبژاردنێکدا هیزی یەکلاکەرەوەن بۆ ئەو حزب و دەسەلاتە... ئەم حاڵەتەش لە ئاستی دنیادا دەگمەنە... بۆ ئەوەی کارت دەست بکەوێت دەبێ سەر بە حزبی دەسەڵات بیت و تەزکیەی ئەوت هەبێت... دەکرێت لە وڵات و دەوڵەتێکی دیکتاتۆر و کۆنەپەرستدا بیت، بەڵام کار دەستکەوتن و دامەزراندن مەرج نەبێت بۆ ژیان کردن و دنیا شاهیدی دەیان دەوڵەتی لەو بابەتەیە.

٣/ لەشکری ئامادەی موچەخۆری حزب... ئەم بەشە لە هەرێم پێیان دەوترێت" بن دیوار" لەهەر کۆمەڵگەیەکدا حزب لە ڕێگای دزین و قۆرغکردنی سەرچاوەکانی سامان و داهاتەوە، لە شکری سەدان هەزار کەسی بۆخۆی لە رێگای دابینکردنی موچەوە، بەخۆیەوە بەستەوە، ئەو لەشکرە لایەنێکی یەکلاکەرەوەن لە هەر هەڵبژاردنێکدا و ئەمەش تایبەتمەندیەکە لە دنیادا کەم وێنەو دەگمەن...

٤/ حزب و جەمسەرەکان... پەیوەندی و وابەستەیەیی حزبەکانی دەسەلات، بە جەمسەرە ناوچەییەکانەوە، لایەنێک و تایبەتمەندییەکی تری هەرێمە لەگەڵ هەر جێگایەکی تری دنیا... لەدۆخی سیاسی و واقعیەتی داسەپاوی بەسەر هەرێمدا، حزبەکانی دەسەلات نەک پەیوەندی، بەڵکو بە تەواوەتی وابەستەی جەمسەرە ناوچەییەکانن و بەو مانایەش نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی ئەو دەولەتانە دەکەن و دەوڵەتەکانیش چ لە پێناو بەرژەوەندیەکانیان و چ بۆ ململانێی نەیارەکانیان و بۆ راگرتنی باڵادەستی و دەستیوردانیان لەو جیگایە، هاوکاری مانەوەی ئەو هێزانە دەکەن و کاری بە وەکالەتیان پێ دەسپێرن... ئەم جەمسەرانە نەک تەنها لە هەلبژاردنەکاندا، بەلکو لە مانەوەی قەڵەمرەوی دەسەڵاتی وابەستە بەخۆیاندا رۆڵی کاریگەر و یەکلاکەرەوە دەگێرن... ئەم تایبەتمەندییەش لە ئاستی دنیادا دەگمەن و کەم وینەیە.

حزبەکانی دەسەلات لە کوردستان هیز و توانایان، لەو فاکت و تایبەتمەندیانەدایە.... هیزو لایەنێکی سیاسی بیەوێت ئەم هێزانە کەنار بخات، بەبێ ئەوەی هێزی هەبێت، هیزی چەکدار، داهات، پشتیوانی ناوچەیی.... بە هەڵبژاردن ناتوانێت یەکێتی و پارتی کەنار بخات... تەنانەت ئەگەر لە هەلبژاردنیشدا دەنگی زیاتریش لە پارتی و یەکێتی بهێنن. نە پارتی و نە یەکێتی، سامان و داهات، هیزی چەکدار و ئەمنی خۆیان، وابستەیی و پەیوەندیەکانیان... رادەستی هێزی تر ناکەن و بەهەڵبژاردنیش ناکرێت... دەکرێت کورسی هیزو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن!! زیاد یان کەم بکات، بەلام لەو ریگایەوە دەتوانن پۆست بەدەست بهێنن، بەلام دەسەلات نا. بەهەمان شیوەش لە ریگای هەلبژاردنەوە گۆرانکاری لە ژیان و گوزەرانی خەڵک و ماف فەردی و مەدەنیەکانی خەلک ناکریت و چاوەروانی لەوەی لە واقعیەتی سیاسی هەرێمدا ئاڵوگۆر لە ریگای هەڵبژارندا روودبات نەک هەر وەهمە، بەلکو خۆڵکردنە چاوی خەڵکە، ٣ دەهەی رابردووش ئەو راستیەی سەلماندووە.

پەرلەمان و حکومەت لە هەرێمی کوردستاندا دوو دامەزراوەی کارتۆنی و کاریکاتۆری بەناو یاساین بۆ رەوایەتی بەخشین بە دەسەڵاتی حزبۆکراتی و میلیشییایی، بۆ شیواندنی رای گشتی و بەتایبەتی دنیای دەرەوەو کۆمەڵگەی نێودەولەتی.... هەر ئەو واقعیەتەشە، کە نەک تەنها حزبە دەسەڵاتدارەکان، بەڵکو حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش، ئامادەنین کەسی یەکەمی خۆیان بنێرنە ناو پەرلەمان، بەڵکو کادر و کەسانی پلە لەخوار، دەنێرنە ناو پەرلەمان و...تاد

بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و لە سێ دەهەی رابردوودا، ئەوەی لە شەقام نیشانی داوە، بە خۆپیشاندان و کۆبونەوەو مانگرتن و ...تاد تاکە ریگای ترساندنی دەسەلات و راچەنینان بووە، زنجیرە نارەزایەتیەکانی ساڵانی دوای کەوتنی دەسەڵاتی بەعس و پاشان ١٧ شوبات و.... ئەو برگانەنە کە دەسەلاتی راتەکاندووە و بۆتە مایەی ئاڵوگۆر لە دۆخی سیاسی هەرێم و ئاڵوگۆر لە پەیوەندی نێوان دەسەڵات و جەماوەردا. هەر هیزێکی سیاسی خوازیارەی ئاڵوگۆر هێنان بەدۆخی سیاسی هەرێم و دەسەڵاتی حزبۆکراتی پارتی و یەکێتی و

بۆ لاپەڕە 13

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان رێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕیبوار حەمە شەریف

# سینەما بۆ هەڵەبجە

# فیلمی (١٩٨٨)

ئەو پرۆژە هونەرییانەی کە بە نەفەسی ختوکەدانی هەستی کوردبوون یان سۆزێکی بارگاویی بە خەمخۆرییەکی ڕووکەش بۆ قەزیەی نەتەوەیی کورد دەست بە کار دەکەن، دەگمەن کات ڕێک دەکەوێت بتوانن ببنە بەرهەمی هونەریی باش. ژاپۆن کاری گەورەی سینەمایی بۆ (هیرۆشیما و ناکازاکی) دروست ناکات، نە لەبەر ئەوەی کە "کارەساتەکە هێندە گەورەیە سینەما ناتوانێ بیگێڕێتەوە"، کە وەک هۆکاری ئەو سیاسەتەی ژاپۆن لێکدەدرێتەوە، بەڵکو ژاپۆن دەزانێت کە سینەمای قەزیە لە باشترین حاڵەتدا دەتوانێت ٢ شت بکات: ١- بە جیهان بڵێت کە ئێمە ئەم ڕووداوانەمان بەسەر هاتووە (کە هیچ سوودێکی مەنتقی و پراگماتیکی بۆ قەزیەکە نییە)، ٢- بزواندنی هەست و سۆزی گەلی خۆت. هیچ کام لەمانە پاڵنەری هونەریی نین. دەکرێ پاڵنەر بن بۆ ئاکتێکی سیاسیی، بەڵام وەک ئاکتی سیاسییش هێشتا کێشەدارن.

دەکەین خیانەت لە سینەما دەکەین.





قسەکە لێرەدا چییە؟ ئایا ئێمە پێویستە فیلم دەربارەی هەڵەبجە دروست بکەین؟ ئەگەر وەڵامەکە "بەڵێ"یە، ئێمە فیلم دەربارەی هەڵەبجە دروست بکەین بۆئەوەی کەچی ڕوو بدات؟ مامەڵەی سینەمای جوو لەگەڵ هۆلۆکۆستدا دەتوانێت ئاوێنەی ئەزموونێکی سەرکەوتوو بێت بۆ مامەڵەی سینەمای کورد لەگەڵ هەڵەبجەدا؟ نەخێر. چونکە سینەمای هۆلۆکۆست لەو جێیەدا هێزی خۆی بەدەست دەهێنێت کە هاوتەریبی پرۆسە سینەماییەکە، جووڵەیەکی جددی هەبووە بۆ تیۆریزەکردن و تێگەیشتن لە ڕووداوەکە لەسەر ئاستی جومگە جیاوازەکانی ناو کایەی مەعریفیی و فیکریی جیهاندا. کە ئەم هەنگاوە بۆ هەڵەبجە نەنراوە. کەواتە هەر فیلمێک بۆ هەڵەبجە دروست بکەین جگە لە بیانوویەکی دیکە بۆ گریان و خۆڕنین و بەزەیی بەخۆدا هاتنەوە، شتێکی دیکە نییە.

ئەوەی کە ئێران وەک پاڵەوان و فریادڕەسی کوردان لەم فیلمەدا دەبینین، هێندەی هەڵە تەکنیکیی و لۆژیکییەکان ئازاربەخش نییە. چونکە بۆ بەپاڵەوانکردنی ئێران، لە خراپترین حاڵەتدا دەتوانین بڵێین دەرهێنەر بە زۆر ئەم کارەی پێکراوە و لە باشترین حاڵەتیشدا دەتوانین بڵێین دەرهێنەر ئەسڵەن درکی بەوە نییە کە ئێران هاوتای ڕژێمی بەعس، ئەگەر زیاتر دوژمنی کورد نەبووبێت، کەمتر نەبووە. عوزر لە قەباحەت خراپتر. بەڵام بۆ هەڵە تەکنیکیی و لۆژیکییەکان چ پاساوێک هەن؟ کەینێ دەرهێنەری کورد واز لە ئۆرگازمی تەکنیکیی دەهێنێت؟ تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێل تەنها لە پێناو تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێل لە فیلمەکەدا چییە جگە لە "عەرزی عەزەڵات"؟ وەک بە قسەی دەرهێنەرەکە خۆی لە پۆدکاستێکدا کە دەڵێ "ئێمە ئەمانەوێ بیسەلمێنین کە هیچمان لە هۆلیوود کەمتر نییە و ئەتوانین وەک ئەوان دیمەنی تەقینەوە و شەڕەتەقە دروست بکەین".


فیلمەکە پێک دێت لە کۆمەڵێک دیمەن و دایەلۆگی کلێشەیی، کۆمەڵێک پلۆتهۆڵ، کۆمەڵێک کاراکتەری هەڵتۆقیو کە لە سەرەتای دەرکەوتنیانەوە چاوەڕوانی مەرگێکی حەتمی دەکەن و ڕەهەندێکی دیکە دەوڵەمەندیان ناکات، بەپاڵەوانکردنی ئێران و نیشاندانی وەک فریادڕەسی هەڵەبجەییەکان و چەندین ڕەگەزی ناسینەمایی دیکە. کە پێکڕا شتێک دروست دەکەن کە لە باری سنعەتییەوە ناچارین پێی بڵێین فیلم و کاتێکیش پێی دەڵێین فیلم، وا هەست دەکەین خیانەت لە سینەما دەکەین.

نووسینی: حەمە عومەر




# هەڵەبجە

نووسینی ڕیبوار حەمە شەریف



هەڵەبجە:
هەر ڕۆژە و بەدەم (با)یەکی !
سەرم مەستەو
هیچ ڕەزێک چۆڕێ لەئاوی سینەی
نە ڕژاندۆتە دەممەوە،
هەناسەم زۆررر تەنگە و
ملە شاخێک، تولەڕێ یەکی...
توناوتون پشکنی...نەخستۆتە
ڕێگەشمەوە!..
دڵم' لەسەر هەزار تریەو
کەچی...
کە ئاوڕێ لەدوای خۆشم' ئەدەمەوە...
جەلادێکی شمشێر بەدەست و
کەللە پەڕێن نیە' بە دووامەوە!
مەستم مەست...
نازانم: هەڵەبجە مەستم بۆ ؟!
ڕۆژێک□
کۆڵان و باخ ڕێگەم پێدەگرن و
ڕۆژێک..
بنارو شاخ..!
بێئاگام لە گیرفان و
لە دەست وچاو..
لە پێ و هەنگاو..
لەو تۆزە هۆشەی ..
کەهەمە ئەویش، دزراو
من ئێستا:
لەم سات و چرکەو جێگا'
لە بەردەم ویژدانێکی شڕا،
هەنجن، هەنجن کراو
لە ناو ناخێکی... ئاگرا
دووا تروسکەی...سکڵێکە ،
سەیرە سەیر !
بە مشت خۆمی پێ ئەشۆمەوە ..!
نازانم: بۆ هەڵەبجە؟ نازانم .
دەفتەرێک نییە، خۆمی تێدا بنووسمەوە
قەڵەمێک و
لاسیک کوژێنەوەش
شک نابەم هەرچی بەزارمدابێت
پەیتا پەیاتا
ئەم تورەبوونەی ناو سینەم بکوژێنمەوە..
ئەخەوم و ئەڕۆم و
ئەبینم و ئەخۆمەوە
خۆم بە هەزار شەقامی ..
بێحورمەتی و کۆڵانەکانی ..
بێشەرەفیدا ئەدەم،
کەچی ..
(ڤاکت)ێکی مل ئەستورو
بازۆڵە توندو سینە دەرپەڕیو شان پانیش، نامگرێ
مەستم' لە داخی تۆ' مەستم
خۆ تۆش، ماڵئاوەدان
شاخێک و
گردێکت لە پشتەوە.. نییە
ئاسمانێک و
ئەو کۆمەڵە ئەستێرە درۆزنەش
کە بە ئاسمانەکەتەوەن ،،،
نایەن، نایکە، نامەردن □.!
تا وەکوو ..قەومی (العاد )،
جەستەو لاشەی داوین پیس و
چەتەو ملهوڕ وردو
شانشل ، بنێنە ژێرپێ و گڵەوە .
دووڕوی و □
درۆزنی جوگرافیا' فرۆشتن، کوشتمی
ئەوەتانی□
هەر بەبەرچاوی خۆتەوە
شەرم لە کراسی خوێناویت و
هەزار جەستەو ئاواتی دوێنێ □
هەر لە جەستەی خۆت و
مێژووی ..
هەشتتاو هەشتت...ئەفرۆشن .
چیبکەم، مەستم ... مەست
هەڵەبجە!!!
هیچ ڕەزێک،
چۆڕێ شەرابی سینەی خۆی نەچۆڕاندۆتە سەرلێومەوە
هەر مەست و پەستم
هەڵەبجە لە داخی تۆ .



# خەونی بچووکی منداڵە کرێکارێ

## نووسینی: نەجم محەممەد

بەیانی زوو کە کرێکارەکە لەخەو هەستا، خۆر هێشتا لەخەو هەڵ نەستابوو، سەیریکی منالەکەی کرد کە نوقمی خەوێکی قوڵ بوو کەمێک ڕاماو دڵی پڕبوو وقسەکەی شەوی بیرکەوتەوە کە بەڵێنی بەمنداڵەکەی دابوو بەیانی کە کاری دەست کەوت بەکرێ ی کارەکەی جل وبەرگێکی جوانی بۆبکرێت.

بەرگی شڕی کارەکەی پۆشی و لەماڵە کرێچیە هەژارانە ساردوسڕەکەی هاتەدەر بەپێ بەرەو مەیدانی کاری شار کەوتە ڕێ بەئومێدی ئەوەی کەکاری دەست کەوێت وخەونی گەورەی منداڵەکەی کەلەڕاستیدا خەونێکی سەرەتایی وبچووکە بهێنێتە دی.

بەئومێدەوە چووە مەیدانی کاری شار، ڕاستر بڵێم مەیدانی کاری دڵ بەردینی شار مەیدانێک پڕ لەئینسانی زەحمەتکێش و هەژار، مەیدانێک پڕلە لەخەون وئازاری ڕەنگاو ڕەنگ پڕ لە ڕەنجی قورسی بۆخۆ نەبوو، مەیدانێک هەناسەو بزەکان تیایدا قڵیشاون وەک دەستی قڵیشاوی کرێکاران. مەیدانی کاری شار مەیدانێک کەتیایدا گوێت لەهاڕەی ڕۆحی کرێکارانە لەپێناو پەیداکردنێ نانێکدا مەیدانێک ڕێک هەنگاوێکی ماوە بۆ دۆزەخ. مەیدانێک هەم ڕەمزی هێزو بنیاتنانە هەمیش ڕەمزی دەردو ڕەنج ونەهامەتێ یە .

مەیدانەکە کرێکارێکی زۆری لێ بوو کە لەچاوەڕوانی کاردا بوون لەوێ ئەمیش چاوەڕوانی کرد تا کەسێک بێت وهێزی کاری ئەمڕۆی لێ بکرێ و بیباتە سەر کار، کات واتێپەڕ دەبێ و نزیک بە نیوەڕۆ دەبێتەوە. ئەم هێشتا کاری دەست نەکەوتووە، وردە وردە ئومێدی نامێنێت کەئەمڕۆ کاری دەست کەوێت، لەناخی خۆیدا دەڵێ چ وەڵامێکی منداڵەکەم بەمەوە، چۆن قەناعەتی پێ بکەم کەکارم دەست نەکەوتووە!؟

لەم بیرکردنەوانەدا دەبێ کرێکارێکی هاوڕێی لە تەنیشتیەوە کاری دەست دەکەوێت، کەسێک دێت وا خەریکە دەیبات بۆکار ئەمیش لەکرێکارە هاوڕێکەی نزیک دەبێتەوەو پێی دەڵێ هەرچیت کردووە ئەم کارەی ئەمڕۆت بدە بەمن بامن لەجێی تۆ بچم بۆکار، زۆر زەروورم بە کرێی ئەم کارە حەزدەکەی لەبری ئەوە من چەند ڕۆژێکی کارکردنم دەدەمە تۆ گەر کارم پێدرا.

کرێکارە هاوڕێکەی دەستێکی خستە سەرشانی و گووتی دەبێ بم بەخشی باوەڕ بکە لەتۆ زەرورترم بەم کارەی ئەمڕۆ، چونکە بەڵێنم داوە بەخێزان ومناڵەکانم بەیانی بیانبەم بۆسەیران، دەمێکە بەڵێنم پێداون دەبێ دڵت هیچ نەکا بم بەخشە کەناتوانم کارەکەی ئەمڕۆت بدەمێ، ئەمیش زانی ئەویش هاودەردو هاوچارەنووسییەتی قەناعەتی کرد وگوتی نائاساییە .

لەدڵی خۆیدا وتی کەمێکی تر چاوەڕێ دەکەم بەڵکو هەر کارم دەست کەوێت کات بەخێرای ڕۆی نیوەڕۆش تێپەڕی بەڵام ئەم کاری دەست نەکەوت تەواو بی ئومێد بوو بڕیاریدا بگەڕێتەوە ماڵەوە. هەنگاوەکانی نا بەرەوماڵەوە لەڕێگەدا هەرلەبیری ئەوەدابوو چی بەمناڵەکەی بڵێت ئەم کرێکارێکی هوشیار بوو بەدەست نەکەوتنی کار زۆر توڕەو بێزار بوو بەدەم ڕێوە چەندین جار نەفرەتی کرد لە نیزامی سەرمایەداری و بەخۆی دەگوت هەموو نەهامەتی وبێمافی وبێبەش بوونەکانمان لەخۆشیەکانی ژیان سەرچاوەکەی ئەو نیزامە دزێوەیە کەجیهانێکی پڕ ستەم و نابەرابەری بۆمرۆڤەکان دروست کردووە، ئەی ئەوە نییە منالەکەی من حەزی لەبەرگێکی جوانە کەچی ناتوانم بۆی بکرم ودڵە بچکۆلانەکەی خۆش بکەم. ئەی ئەوە نییە ژیانیکی مەمرەمەژی دەژین ئاە وهەناسەیەکی هەڵکێشاو بەخۆی گووت ناچارم ڕاستیەکە بەمنالەکەم بڵێم. گەیشتە ماڵەوە ولەبەردەم تەنکی یە ئاوە بچووکەکەی حەوشە دانیشت ودەستیکرد بە دەست شتن و لەوکاتەیا کەخەریک بوو دەم وچاوی بشوات منداڵەکەی بەهەڵەداوان هاتە بەردەمی و پێی گوت بابە بۆ دەست دەشۆی خۆ هیچ خواردنێکمان نییە؟ کە گوێی لەم قسانە بوو پرمەی گریانێک لەقوڕگیدا دروست بوو خەمەکەی بوو بەدوو خەم بۆئەوەی منالەکەی هەست نەکات کەدەگری دەستی کرد بەدەم وچاوشتن و پرمەو گریانەکەی و هەژاریەکەی بەئاوەکە لەمنالەکەی شاردەوە لەدڵی خۆیدا گوتی ئای هەژاری دونیایە بەدبەختییت لەگەڵ خۆتا هێناوە بۆمان ئینجا بەبزەیەکی شیرینەوە بەمنداڵەکەی گووت ڕۆڵەگیان دەست شتن کارێکی تەندروستیە و پێویستە. خۆ نابێ هەر بۆ نانخواردن دەستمان بشۆین منداڵەکە سەرێکی ڕەزامەندی لەقاند وئینجا گوتی ئەی بابە کارت دەست کەوت ئەمڕۆ بەرگەکەم بۆدەکڕێ؟ ئەم پرسیارە وەڵامدانەوەی زۆر سەخت بوو بۆ باوکە کرێکارەکە، پاش تۆزێ وەستان و ڕامان دەستی هێنا بەسەری منالەکەیدا و بەدەنگێکی هێمن و پڕ خەمباریەوە گوتی ڕۆڵە گیان بەداخەوە کارم دەست نەکەوت، بەڵام بەڵێنێکەو داومە بەتۆ هەر ئەو بەرگە بۆ تۆ دەکڕم.

منداڵەکە پێی ناخۆش بوو کە باوکی کاری دەست نەکەوتووە بۆیە بەباوکی گوت قەیناکا بابە گیان من پەلەم نییە هەر کات کارت دەسکەوت ئەوکات بەرگەکەم بۆبکڕە. باوکە کرێکارەکە دیسان قوڵپی گریانێک بین و هەناوی پێگرت بۆیە ئەم جارە خۆی پێنەگیرا بە گریانەوە باوەشی کرد بەمنالەکەیدا چەندجارێ گوتی بەقوربانی ڕۆڵەکەی خۆم بم، ئەم وەڵامەی منالەکەی وەک بارانێ کێڵگەی دڵ ودەروونی ئاودا پاش بێدەنگیەکی کەم منداڵەکە بەباوکی گوت بابە بۆ تۆ کرێکاری دەکەی، بۆ باوکی هاوڕێکانم کەسیان کرێکاری ناکەن؟ ئەم پرسیارە وەڵام دانەوەی زۆر قورس وئاڵۆزە بۆ باوکە کرێکارەکە هەربۆیە بەزمانێکی سادە وەڵامی منالەکەی دایە وگوتی ڕۆڵەگیان من ناچارم کرێکاری بکەم، چونکە هیچ کارێکی تر نازانم، تەنها شتێک شکبەرن هێزی دەست وبیروبازوومە هەمبێ کە بە کرێیەکی کەم بیفرۆشم تا بتوانم بژێوی خێزانەکەمانی پێ دابین بکەم. زۆر کەسی تریش هەیە وەک من کرێکارە ئیتر ڕۆڵە ئەمەیە پێی دەڵێن جیاوازی چینایەتی. ئێمەی کرێکار هەموو شتێک بونیاتدەنێن کەچی خۆمان خاوەنی هیچ شتێ نین، هەموو ڕەنجی ئێمە بۆ سەرمایەدارانە ڕۆڵە گیان جارێ تۆمناڵی زۆرت ماوە بۆئەوەی لەوە بگەی بۆمن کرێکارم.



# ژنی بە تەنافی تەمەنەوە ماندو .. ؟

ژنی لەبۆتەی ژیندا شکەت
ژنی بەتەنافی تەمەنەوە ماندو
ژنی لە سنوری یاساکانی بوندا کۆیلە
ژنی بەتاری کەمانێکەوە ئاوازێکی غەمگین
ژنی لەبەردەم شەختەی پیاو سالاریدا بەخسیر
ژنی بەتاڵی ئاوازی گۆرانیەکەوە
سەد بزەو سەد خەندەی شیرین
ژنی لەبەردەم دەنگی تەنیایدا ترسناک
بەخەمی بەخسیرێ ئەچێ
کراسی بارگرانی
نەتوانی لەبەر داماڵێ
ئەوساتانی ژنی ئەگرێ
سەد بەستە ئەمرێ
مقامە خەم بارەکان
گەروێ پڕ ئەبێ لەژان
مرختی ژوانەکان
لە بەردەم لێوارێکی ترسناکدا کزۆڵە
پاداشتی خەمی ژنێ
بێ لەمشتی زێڕی ژەنگاوی و
چەند دڵۆپە فرمێسکێکی پەشیمانی
ئەبێ چیتر بێت ..؟
ژنی بەماملەی نیکاحێ دیل و
بەگرێ بەستی پێشەکی و پاشەکی
گەمەی کۆیلەی ئازاد
ژن بێ لەدەزگای زاوزێی منداڵ بون
زیاتر نییە
لە ڕوانگەی دەقە ئاڵۆزەکاندا
ژنی لەسێبەری هەنگاوەکانی ئەودا
لەسێبەری جەنگ ئەچێ
سەد پرسیار بکە سەد وەڵامت بەمێ
چ سەیرە ... ئەی ژن
ئەگەر لەپشتی ڕازی بونی ئەو نەبێ
خودا هەرگیز مژدەی چونە بەهەشتی نابێ
بخەنە ئەی ژن
خوداش بۆتۆ لە بۆسەدا
کێڕی بەدەستە
لە هیچ وێستگەیەکی جێت نییە
هەموو بەڵێنەکان بۆ پیاو .. و
تۆش بۆ خۆش گوزەرانیت
ئەبێ ملکەچی هەموو وێستگەکان بیت

**هۆنراوەی: سەلام سەعید**



# دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقعیەت

## چاوپێکەوتنی مەنسور حیکمەت لەگەڵ ئینتەرناسیۆناڵ

**بەشی نۆهەم**

**ئینتەرناسیۆنال: لە ڕوانگەی خواستی پەیگیرانەتری دیموکراسییەوە، چەندین ڕەخنەی جۆراوجۆر لە مۆدێلی پەرلەمانی دەگیرێت وەکوو، ئەوەی کە ناتوانرێت نوێنەرەکانی لە لایەن ئەوانەوە کە هەڵیان بژاردبوون لاببرێن، مۆنۆپۆڵکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە لایەن بۆرژوازییەوە، پڕخەرجیبوونی مەسەلەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا وەکوو، کاندید و تا ڕادەیەکیش وەکوو دەنگدەر، هەڵبژاردنی کۆمەڵە دەوڵەتێک کە بەکردەوە بەشێکی کەمی خەڵک دەنگی داونەتێ، چ بە هۆی کەمی ڕادەی بەشداربووان لە هەڵبژاردنەکان و چ بە هۆی شێوەی دیاریکراوی دەسنیشانکردنی کورسییەکانی پەرلەمانەوە لەسەر بنچینەی دەنگی حیزبەکان و شتی لەم بابەتە. ئەم جۆرە ڕەخنانە لە دیموکراسی لە باسەکەی ئێوەدا چ جۆرە جێگاوڕێگا و بایەخێکی هەیە؟**

**مەنسوور حیکمەت:** ئەمانە ڕەخنەگەلێکی بنەڕەتی نین لەم سیستەمە. بەشێکیان وەکوو نارەزایەتی لەو سیستەمانەی لە چەشنی بەریتانیا کە کورسییەکانی پەرلەمان بەپێی ڕێژەی سەدی ڕاستەوخۆی دەنگەکان دابەش ناکرێن، لە بنەڕەتەوە تەنانەت وەکوو ڕەخنەش ناژمێردرێن. هەر چۆنێک بێت، لە پێش هەموو کەسێکەوە، خودی بیرمەندانی بۆرژوایی بە ڕوونی و ڕاشکاویی تەواوەوە ئەم کەموکووڕییانە باس دەکەن و بە گەڕانەوە بۆ پرانسیپەکانی دیموکراسی و لیبراڵیزم، باش و خراپیی ئەم خاڵانە بۆ هەموومان لێک دەدەنەوە. لاوازیی بنەڕەتی، خاڵێک کە بە بڕوای من کرۆکی ڕەخنەی مارکسیستییە لەم نیزامە، ئەوەیە کە مەسەلەی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی بە بەشێکی جیا لە ئابووریی سیاسی و خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگەدا دەژمێردرێت و ڕاڤەیەکی حوقووقی و ئیداریی ڕووت بۆ دەوڵەتی بۆرژوایی دەخرێتە ڕوو. ئەو وێنایەی کە لای وایە ئەوە خەڵکن کە تا ئێستا لە پرۆسەیەکی کەم و زۆر ئازاد و دادپەروەرانەدا، بە دەنگی خۆیان دەوڵەت هەڵدەبژێرن، وێنایەکی ئاوەژووە، لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتی ئابووری، لەسەر بنەمای دەسەڵاتی سەرمایە بەسەر ژیانی بەرهەمهێنان و کۆمەڵایەتیدا، لەسەر بنەمای هاوسەنگیی ئایدیۆلۆژیکی کۆمەڵگە و خۆ هۆشیاریی خەڵک، خاوەنی چینایەتیی دەوڵەت پێشتر دیاری کراوە. بەر لە هەڵبژاردن و پەرلەمان، هێزی چەکداری سەرکوتگەری بۆرژوایی بۆ پارێزگاری بەتۆپزی لەم دەسەڵات و دەوڵەتە هەیە و ڕێکخراوە. یاسا و حوقووقە جەزاییەکان، بە نووسراو و نەنووسراوەوە، بۆ پارێزگاری لە دەسەڵاتی بۆرژوازی و پیرۆزڕاگرتنی وێنای بۆرژوا لە کۆمەڵگەدا، هەروەها دادگا و زیندانەکانیش بۆ دەستەبەرکردنی جێبەجێبوونیان لە ئارادان. هەڵبژاردن ئەوە دیاری دەکات، کە کام ڕەوت و پارت و کۆمەڵە ئەفراد، بە کام بەرچاوڕۆشنی بەرنامەیی و شێوەکانییەوە، بەڕێوەبردنی ئەم سیستەمە و دیاریکردنی کارە لەپێشینە تەنفیزییەکانی بۆ دەورەیەک لە ئەستۆ دەگرێت. کۆمەڵە ڕەخنەیەکی لەو بابەتە، کە هەر چۆنێک بێت لەڕووی دڵسۆزییەوە بۆ حاڵی چەپ دەخرێتە ڕوو، هۆی بنەڕەتیی ئاکامی چەپی ڕادیکاڵ لە نیزامە پەرلەمانییەکاندا پەردەپۆش دەکات و مۆری ڕاست و دروستی لە خۆشخەیاڵیی پەرلەمانیی چەپ بە تایبەتی لە وڵاتانی ئەورووپاییدا دەدات. بە پێچەوانەی وێنای ڕەخنەگرانی دیموکرات لە دیموکراسیی پەرلەمانی، هۆی بنچینەیی ئەوەی کە چەپی ڕادیکاڵ لە هەڵبژاردنەکاندا زۆر بە کەمی شتێک بەشتێک دەکات ئەوە نییە کە پارەیان نییە تەبلیغات بەڕێ بخەن، پرۆسەی هەڵبژاردن دیموکراتیک نییە، یان فۆرموولی ماتماتیکی دیاریکردنی کورسییەکان لە پەیوەند بە ژمارەی دەنگەکانەوە بە قازانجی حیزبە گەورەکان کار دەکات و شتی لەم بابەتانە. هۆیەکە ئەمەیە کە دەنگدەر و بەر لە هەموومان جەماوەری فراوانی خودی چینی کرێکار، وێنایەکی واقیعیتر و خۆشخەیاڵی کەمتری سەبارەت بە جێگاوڕێگای هەڵبژاردن و پەرلەمان لە ژیانی خۆیاندا هەیە. دەزانن کە هەڵبژاردن ئامرازی ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی لە کۆمەڵگەدا نییە. دەزانن کە خاوەنی چینایەتیی دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی پەرلەمانییەوە دیاری ناکرێت. دەزانن کە لانی زۆری چاوەڕوانی لە پەرلەمان بریتییە لە کۆمەککردن بە مەسەلەی کۆمەڵە ڕیفۆرمێکی دیاریکراو. دەزانن کە هەڵبژاردن بۆ بوون و نەبوونی سەرمایە و سەرمایەداری نییە، بەڵکوو بۆ ئەوەیە کە بەشی ئەوان لە ئیمکاناتی کۆمەڵگای ئێستا لە دەورەی داهاتوودا هەندێ کەم و زیاد بکات، دەزانن کە ئاکامی هەڵبژاردنی پەرلەمان تەنها ڕەنگدانەوەیەکی کەم تا زۆر وەفادارانەی هێزهاوسەنگییەک دەبێ کە ئێستا لەدەرەوەی پەرلەمان و دیموکراسیدا، لەناو چینەکاندا بەرقەرارە. ڕەنگە کرێکار هۆشیارانە دوژمنی سەرمایەداری بێت، بەڵام لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا بەگشتی، نەک دەنگ بەو حیزبانە دەدات کە خوازیاری شۆڕش لە دژی سەرمایە، بەڵکوو دەنگ بە باڵی چەپی بۆرژوازی خۆی دەدات. دەنگ بە حیزبێک دەدات کە بە حیسابی خۆی دەتوانێ جێگاوڕێگای لە پەیوەند بەو سەرمایەیەی کە لەکاردایە چاک بکات. ئەگەر ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی وەک شتێکی عەمەلی نەیاتە بەرچاو (کە خودی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن و ڕەسەنایەتیی پەرلەمان و لەئارادابوونی بار و دۆخی ناشۆڕشگێڕانە ئەمە لە خەڵک دەگەیەنێت)، ئەوا ئەو کاتە زۆر ئاساییە کە توێژە بێبەشەکان کە ئیتر دەبێ بە ڕیفۆرم ڕازی بن، بەو کەسایەتی و حیزبە ڕیفۆرمخوازانەی چینی دەسەڵاتدار دەنگ بدەن کە بەحیسابی خۆیان توانای ماددیی عەمەلیکردنی ئەم ڕیفۆرمانەیان هەیە. گیروگرفتی چەپ ئەمە نییە کە بۆچی دیاریکردنی کورسییەکان بە ڕێژەی ڕاستەوخۆی دەنگەکان نییە و بۆچی حیزبێکی ترۆتسکیستی لاکۆڵان لە توانای ڕاگەیاندنی تەلەفیزیۆنیی یەکسان بەهرەمەند نییە، تا بەڵکوو لەناو ٤٠٠ نەفەردا ئەویش بۆ خۆی نوێنەرێکی هەبێت. گرفتەکە لە وێدایە کە لە بار و دۆخی ئاساییدا، کرێکار بەگشتی، ئەو کەسە بە نوێنەرێکی باش بۆ کەوتنەدوای بەرژەوەندییە ڕۆژانەکانی خۆی لەم ڕێرەوە تایبەتەدا نازانێ، کە لە هەڵوێستی شۆڕش لە دژی سەرمایەوە دەیەوێ بۆ ماوەی چوار ساڵ ببێتە نوێنەری ئەنجوومەن. خەڵک تەنها لە دەورانی قەیرانی شۆڕشگێڕانەدا نەبێت (کە لەو بارەدا ئیتر پەرلەمانیش وەکوو جاران لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئارامیی تێدا نییە، ناوەندی یاسادانان نییە، بەڵکوو بڵندگۆیەکە بۆ ئاژیتاسیۆن و مانۆڕی سیاسی)، ئیتر بە تەواوی شارەزای بڕیاربازی پەرلەمانییەکانن و چاودێری دەکەن. یەکێک لە گرنگترین ئەو بڕیارانە ئەوەیە، کە براوەی چینایەتیی یارییەکە لەپێشەوە دیارە، ئەگەر نا، هەموو ئەم بار و بنەیە دەپێچرێتەوە.

**ئینتەرناسیۆناڵ: بەم پێیە بە بڕوای ئێوە، بەدیهێنانی ئەم جۆرە چاکسازییانە لە نیزامی پەرلەمانیدا، ئەم نیزامە لە تەسویری مارکسیستی بۆ ئازادی نزیکتر ناکاتەوە؟**

**مەنسوور حیکمەت:** باسی ئازادی لە ڕوانگەی مارکسیستییەوە بە تەواوی لە لاپەڕەیەکی ترەوە دەستپێ دەکات. بابەتی دیموکراسی "دەوڵەتی شەرعی"یە. بەڵام ئازادی دەستەواژەیەک نییە پەیوەندی بە شێوەی حوکوومەت و پەیوەندیی نێوان تاک و دەوڵەتەوە هەبێت، بەڵکوو پەیوەندی بە خودی حوکوومەت و بوون و نەبوونی دەوڵەتەوەیە. چەمکی بنەڕەتی لە باسی ئازادیدا، چین، وەبەرهێنان و سەرکوتی چینایەتییە. ئەمە سەرچاوەی دەوڵەتە. مەرجی ئازادیی واقیعی مرۆڤ، سڕینەوەی دابەشبوونی چینایەتی، کۆتاییهاتنی وەبەرهێنانی بەشێکی کۆمەڵگە لە لایەن بەشێکی ترەوە، لەنێوچوونی بنەمای سەرکوت و زەوتکردنی ئازادی و لە ئاکامدا ئاوابوون و نەمانی دەوڵەتە وەکوو ئامرازی داسەپاندنی بەرژەوەندییە چینایەتییەکان و پاراستنی باڵادەستیی چینایەتییە. نیزامی پەرلەمانی نەک هەر بە ئەندازەی نووکە دەرزییەک لەم چەمکانە نزیک نابێتەوە، بەڵکوو خۆی یەکێکە لەو ڕێگری و کۆسپانەی کە کۆمەڵگای مرۆیی لە ڕێرەوی ئازادیی کامڵ و واقیعیدا دەبێ لەسەر ڕێگای لابەرێت. چەمکی ئازادی لە مارکسیزمدا بۆ مەیدانی سیاسەت و ئابووری، وە یان بۆ کۆمەڵگە و فیکر بەشبەش ناکرێت. ڕزگاری، ڕزگارییەکی تەواو کەماڵە. ناوخۆیی و دەرەکی. هەر ئەو پرۆسەیە ئەو ڕێگرییە ناوخۆییانە لەناو دەبات کە ڕێگا لە ئیرادەی ئازادیی مرۆڤەکان دەگرێت، لەخۆ نامۆبوونی مرۆڤەکان و هەموو ئەو بەرژەوەندییە ماددی و مەعنەوییە لنگەوقوچانەی کە مرۆڤەکان بۆ قەبووڵکردنی ئەخلاقییانەی نایەکسانی و کۆیلەیەتی و قەبووڵکردنی دەوری سەرکوتگەر و سەرکوتکردن و پاڵپێوە دەنێت، لەنێو دەبات. یاساکان و پێویستیی یاساکان هەردووکیان پێکەوە لەنێو دەچن. هەر ئەو پرۆسەیەی کە یەکسانی دێنێ، لەگەڵ خۆیدا مرۆڤدۆستی و ڕێزگرتنی قووڵ لە ئاسودەیی و ئازادیی یەکتریش دێنێ. ناکرێ لە لایەکەوە کەسێک هەبێ، کرێ بدات و بەشوێن قازانجەوە بێت، لەولاشەوە کەسێک کرێ وەربگرێت و ناچار بە کارکردن بکرێت و کەچی لە مەیدانی سیاسیشدا ئازاد بێت. ناکرێ چینە باڵادەستەکان و چینە چەوساوەکان هەبن و دەمارگیری و دواکەوتوویی و زوڵم و زۆرداری و تاوان لە ئارادا نەبن. ئازادیی واقیعی، تەنها بەرهەمی ئاڵوگۆڕی سۆسیالیستییانەی کۆمەڵگە و دەرچوونی مرۆڤە لە دەورانی وەحشیگەرییە چینایەتییەکەی. ئازادیی واقیعی، چەمکێکی کۆمەڵایەتی و هەمەلایەنەیە، نەک تەنها چەمکێکی حوقووقی و کارگێڕی. بەم پێیە ئازادیی واقیعی بابەتێکی دیموکراسی نییە، چونکە دیموکراسی و لیبراڵیزم دوای بەفەرزوەرگرتنی بنەمای کۆمەڵایەتی و ئابووریی بۆرژوایی و دوای بەفەرزوەرگرتنی بوونی سەرمایە و قازانج و کرێ و بازاڕ و خاوەندارێتیی تایبەتی، دەچێتە سەر تایبەتمەندییەکانی سەرخانی سیاسی و کارگێڕیی کۆمەڵگە...

**درێژەی هەیە...**



**ئیبراهیم حسێن: ئەم پرۆسەیە بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێ ناوی هەڵبژاردنی لێ بنرێ، بەڵکو پرۆسەیەکی سیاسی لە پێشوەختەی دیزاینکردنی دزین و ساختەکردنی ئیرادەی سیاسی کۆمەڵگەیەکی ناڕازی ٥-٦ ملیۆنی بوو دەدات...**

# دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ ئیبراهیم حسێن کادری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان...

**بۆپێشەوە: لە ٢٠ ئەم مانگە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو، چۆن دەڕوانە شێوازی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکە و ئاکامەکانی؟**

**ئیبراهیم حسێن:** ئەم پرۆسەیە بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێ ناوی هەڵبژاردنی لێ بنرێ، بەڵکو پرۆسەیەکی سیاسی لە پێشوەختەی دیزاینکردنی دزین و ساختەکردنی ئیرادەی سیاسی کۆمەڵگەیەکی ناڕازی ٥-٦ ملیۆنی بوو. هەر وەک ئاشکرایە تا بەرلەو پرۆسە سیاسیە رەزیلانەیە چینی دەسەڵاتدار و حاکمیەتەکەی لەگەڵ کۆمەڵگەیەک بەرەورووبوو کە نان و کار و حورمەت و ئازادی و ئاسایشی خۆی داوا دەکرد و لە هەر ئاستێک کە بۆی دەکرا ئامادە بوو لەسەر مافی خۆی لە ژیان بجەنگێ و بە هەر زمانێک دەیگوت کە ئەو چارەنوس و شێوە ژیانە بە شایەنی خۆی نازانێ کە دەسەڵاتی کوردایەتی و ئیسلامی سپێری ئەو دەسەڵاتە و حیزبەکانیان بۆی دیاری کردوە. بەم مانایە ئەم دەسەڵاتە و سەرجەم هێزەکانی لەتەنگژەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەورەدا بوون و کەوتبوونە ژێر گوشاری داخوازی و چاوەروانییە چینایەتی و رەواکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشەوە بۆ ژیانێکی باشتر. هەر بۆیە ترسیان هەبوو لەهەر تکان و جوڵەیەکی سیاسی جیددی و لە بیری ئەوە دابوون کە چی دەبێ ئەگەر ئەم پرۆسەیە کۆمەکە بشڵەقێنێ و کۆمەڵگە لەوە زیاتر رابچڵەکێنێ. هەر بۆیە حیزبی سەرەکی چینی دەسەڵاتدار پارتی دیموکرات سەرەتا بایکۆتی دانا و ئامادە نەبوو بە شێوەیەک حیساب بۆ نەکراو بچێتە نا ئەو پرۆسەیەوە. تا ئەوەی سەرەنجام لەگەڵ هاوپەیمانە ناچیی و جیهانیەکانیان و ئۆپۆزیسیۆنی ساختە توانیان لەسەر شێوەیەک بڕێنەوە کە تیایدا بتوانن ئیرادەی سیاسی هاوڵاتیان و کۆمەڵگە بدزن و پرۆسەیەکی بێشەرمانەی مصادرەی ئیرادە سیاسی خەڵک رێک بخەن. ئیتر لەم چوارچێوەیەدا کەوتنە وێزەی کۆمەڵگە و کۆنەپەرستانەترین شێواز و نەریتیان بەدەستەوە گرت لە فشار هێنان بۆسەر ویژدانی خەڵک. خەڵکێک کە نان و کاری لەلایەن ئەو هێزانە بە بارمتەگیراوە کەوتنە ژێر گوشار و ماڵ بە ماڵ سۆراغ کران تا ئەگەر بیانەوێ نان براو نەبن دەنگ بەو قارەمانانەی دیمکراسی کوردایەتی و ئیسلامی بدەن، بازاڕی درۆکردنی ئاشکرا تارادەی گاڵتەکردن بە شعوری خەلک سەراپای کۆمەلگەی تەنی و دەیان ملیۆن دۆلاریان بۆکڕینی ویژدانی خەڵک تەرخانکرد تا هەرچۆنێک بووە بتوانن ریسکی بێدەربەستی و نەچوونە ناو ئەو گاڵتەجاریە سیاسیە ئەوەندەی دەتوانن کەم بکەنەوە و سەرنجام خەڵک لە هەر راددەیەک بووە خۆشباوەر بکەن و کلاویان بکەنەسەر و پێیان بقوڵێنن کە هەر ئەوانەی کە نان و کار و دەرفەتی ژیانێکی ئازاد و شەرافەتمەندانەیان لێ زەوت کردوون قارەمانی بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی ئەوان. هەرچۆنێک بێ ئەم کارەیان کرد و سەرەنجام ئەو هێزانەی تا دوو رۆژ پێش ئەوە مایەی شەرم و نەفرەتی زۆرینە بوو، لە سندوقەکان وەکو قارەمانی سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراتیک هێنایە دەرەوە.

بێگومان ئاکامێکی راستەوخۆی ئەم پرۆسەیە ئەوە دەبێ کە هێزە سەرەکیەکانی چینی دەسەڵادار پارتی و یەکێتی و سپێرەکانیان لە نەوەی نوێ و ئیسلامیەکان هەوڵدەدەن کە ئەوەندی دەکرێ ئەم ئاکامی ئەم پیلانە سیاسیە رەزیلانەیە لە دژی خواست و داوای رەوای چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش بۆ ژیانێکی باشتر، لە پێناو نان و کار و موچە و ژیانێکی شەرافەتمەندانە و لەوەش گرگتر لەدژی خەباتیان لەپێناو لە دەستگرتن و بریاردان لەسەر چارەنوسی سیاسی خۆیان و لە پێناو بەرگرتن لە کەڵەگایی چینی دەسەڵاتدار و هێزەکانیان بەسەرچارەنوسی سیاسیانەوە، بەکار بهێنن. بەو جۆرە بازاڕی چەسانەوە و بێمافیەکی سیاسی و ئابوری گەورە و خامۆشیەکی چەندین ساڵە بسەپێنن.

بەڵام کۆمەڵگەی کوردستان لەوە چینایەتیترە و ناکۆکی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و چینی دەسەڵاتدار لەگەل چاوەروانیەکان و بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لەوە قوڵتر و چارهەڵنەگرتر کە بکرێ بۆماوەیەکی درێژ لە لەفافەی خۆشباوەڕی و گەردوتۆزی ئەم پرۆسە سیاسیە ریسوایەوە بپێچن و بیشارنەوە. زۆری پێناچێ کە واقیعیەتی خەباتی چینایەتی ئەو خەڵکە لە پێناو ژیانێکی باشتر و لە پێناو حورمەت و کەرامەتی خۆی و بەشی خۆی لە ژیان دێتە مەیدان و لە رەوتی رووداوەکان و چارەنوسی کۆمەلگە دەدا.

**هاتوهاواری ئەو بەشەی ئۆپۆزیسیۆنی ساختە لە بارەی ساختەکاری لە پرۆسەی هەڵبژاردن هیچ لەوە ناگۆڕێ کە ئەوان بەشێك بوون لە دیزاینکردنی ئەو پرۆسە ریسوایەی دزین و ساختەکردنەی ئیرادەی سیاسی...**

**بۆپێشەوە: تا بەر لە هەڵبژاردنەکان سەرجەم لایەنە سیاسیە بەشدارەکان، بانگەوازی خەڵکیان دەکرد، بۆ دەنگدان و بانگەشەی پاکی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانیان دەکرد و بەڵێنیان بە خەڵک دەدا، کە ریگەی ساختەکاری بەستراوەو کەس ناتوانێت ساختەکاری بکات، بەلام لەگەڵ دەرچوونی ئاکامە بەراییەکان، هەموو ئەو لایەنانەی دەنگی کەمیان هێناوە، دەڵێن ساختەکاری کراوە، جیهازەکان هاک کراون، دەنگی خۆیان بۆ هەژمار نەکراوە، لایەنی دەرکەی دەستکاری ئاکامەکانی کردووە، دیزانی پیش وەختەکراوەو...تاد. لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**کۆمەڵگەی کوردستان لەوە چینایەتیترە و ناکۆکی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و چینی دەسەڵاتدار لەگەڵ چاوەروانیەکان و بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بۆ ماوەیەکی درێژ لە لەفافەی خۆشباوەڕی و گەردوتۆزی ئەم پرۆسە سیاسیە ریسوایەوە بپێچن و بیشارنەوە...**

**ئیبراهیم حسێن:** هاتوهاواری ئەو بەشەی ئۆپۆزیسیۆنی ساختە لە بارەی ساختەکاری لە پرۆسەی هەڵبژاردن هیچ لەوە ناگۆڕێ کە ئەوان بەشێک بوون لە دیزاینکردنی ئەو پرۆسە ریسوایەی دزین و ساختەکردنەی ئیرادەی سیاسی هاوڵاتیان. ئەم پرۆسەیەی کلاو لەسەر کردنە سیاسیە ئاشکرایە بەبێ نەوەی نوێ و ئۆپۆزیسیۆنی ساختە مەیسەر نە دەبوو، هەر بۆیە پایەیەکی سەرەکی ئەم پیلانە پەیداکردنی هێزێکی سپێری لە جۆری گۆران بوو کە بتوانێ هەمان دەوری گۆرانی سەردەمی نەوشیروان مستەفا بگێڕێ و بەشێکی هەڵگرتنی باری درێژە پێدانی ئەم دەسەڵات و دەوروودوکانەی پێ بسپێرن. ئەو دەوریان گێڕاو توانیان پەردەی دوومی ئەم شانۆگەریە سیاسیە تەواوبکەن و بە رادەیەک لە دروستکردنی خۆشباوەڕی لە نێو ئەو خەڵکەی بە دوای دەرفەتێکدا دەگەڕان بۆ ئەوەی تۆڵە لە یەکێتی و پارتی بکەنەوە کە ئەوان رەنگە بتوانن ئەو کارە بکەن. بەهەر حاڵ ئەوان بەشێکن لە ئوردوی سیاسی چینی دەسەڵاتدار و هەرچیەکیان کردبێ بۆ ئەوە بووە کە لەگەڵ هێزەکانی تری چینی خۆیان بەشدار بن لە دەسەڵات و وەک چۆن تا ئێستا کردویانە، چارەنوسی کرێکار و زەحمەتکێش و هاوڵاتیان بەو شێوەیەی کە لە بەرژەوەندی ئەو چینە فەرمانرەوایە دایە دیاری بکەن. ئێستا کە هەندێکیان ئەو دەرفەتیان پێنەدراوە خەریکن شیوەن دەکەن. ئێمە خەڵکمان لە مەترسی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە ئاگادار کردەوە، ئێمە وتمان ئەو ئۆپۆزیسیۆنە کوری هەمان چینی حاکمە کە بەرژەوەندی لە مانەوەی چەوسانەوە دایە، بەرژەوەندی لە هەمان شێوە ژیانی نا ئازاد دایە و لە هەمان سەرچاوە ئاو دەخۆنەوە. ئێمە وتمان ئەم شێوە ئۆپۆزسیۆنە خاڵی بەهێزی ئەم دەسەڵاتە و خاڵی لاوازی هەر جوڵانەوەیەکی سیاسی جیددین لەپێناو رزگاری لە دەسەڵات و کەڵەگایی چینی دەسەڵاتدار و حاکمیەتەکەی. بەشێکی کە گەیشتە دەسەڵات بەکاردێت بۆ هاوسەنگکردنی هاسەنگی هێزی دوو هێزە سەرەکیەکەی کە کوردستانیان لە بەردستدایە و بەشەکەی تری وەکو گونی قوری لێ دێ کە خۆی بە بزوتنەوەی نەخێر و ناڕازی هەڵدەواسێ و دەبێتە مایەی دەردەسەرەکانی داهاتوی خەبات و جوڵانەوەی نارەزایەتی رەوایی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان لە پێناو ژیان چارەنوسێکی باشتر.

**بۆپێشەوە: ئێستا هەڵبژاردن تەواو بوو، ئەم هەڵبژاردنە چ گۆرانکارییەک بەسەر دۆخی سیاسی کوردستان و ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و جەماوەری بەش مەینەت دەهێنێ؟**

**ئیبراهیم حسێن:** هەروەک پێشتر باسمان

کرد چینی دەسەڵاتدار و هەردوو حیزبی حاکم تا ئەوەندەی دەتوانن هەوڵدەدەن هەلومەرجی سەرچاوەگرتوی ئەم کەڵەکە سیاسیە لە دژی ئیرادە و خواست و خەباتی ڕەوای چینایەتی کرێکاران و جەماوەری بێبەش بۆ ژیان و ئایندەیەکی باشتر و بۆ سەپاندنی دەورەیەکی خامۆشی چەندین ساڵە بەکار بهێنن. هەر لە بنەڕەتدا ئامانجێکی سیاسی ڕێکخستنی دزاینکردنی پڕۆسەیەکی لەو جۆرە فرسەت هێنان بوو لە ئیرادەی سیاسی چینی کرێکار و جەماوەری چینە بێبەشەکانی کۆمەڵگە کە خەریک بوون بە هەزاران زمان دەسەڵاتی چینایەتی ئەم کەمایەتیە بخەنە ژێر

**دەسەڵاتی بورژوازی کوردایەتی پشتی داوەتە مەنتیقی میلیشیاگەری و داگیرکاری و قاچاخچیگەری لە هەردوو ناوچەی زەرد و سەوز و زیاتر لە دەسەڵاتی ئەمری واقیع دەچن تا دەسەڵات و ستاتوسێکی دەوڵەتی و حقوقی سەقامگیر کە بتوانێ نیازە سەرەتاییەکانی ژیانێکی نیمچە ئارام و سەقامگیری سیاسی چەندین ساڵە دابین بکا و بتوانێ ئابوریەکی سەقامگیر ڕێك بخا و لانیکەمی پێداویستیەکانی ژیان و گوزەران کە بۆ دێژەکێشانی ئارامی سیاسی پێویستن وەڵام بداتەوە...**

پرسیار و لە دەعوایەکی گەورە دابوون لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ و هیچ و پوچە لەسەر ژیانی خۆی و بەشی خۆی لە ژیان. گوشاری ئەم جولانەوە ژیانخوازە لەسەر چینی فەرمانڕەوا زۆر گەورە و بەرهەست بوو. دوا سەنگەری ئەوان کۆنەپەرستی زیاتر و دیکتاتۆریەت و سەرکوت و داخستنی ڕۆژنامە و ڕاپێچکردنی ناڕازیان بۆ زیندان و کەڵەگایەکی ئاشکرا بوو. زیندانەکانی بادینان و تیرۆری دەنگی ناڕازی لە ویداد و سەردەشتەوە تا کاوە گەرمیانی و دانەبەرشەقی مامۆستا و فەرمانبەر و داخستنی چاودێر لەسەر داوا و فشاری کۆنەپەرستی ئیسلامی نیشانەی ئەو ترسە گەورەیەی چینی دەسەڵاتدار و هەردوو هێزە سەرەکیەکەی بوو لە زۆنی زەرد و سەوز لە فشاری ئەو بزوتنەوە بەرهەقە ژیانخواز و ئازادیخوازە لە کوردستان. ئەوەی کە چینی دەسەڵاتدار و حاکمیەتەکەی بتوانێ بۆ ماوەیەکی کەم و زۆر درێژ خامۆشی و بێدەنگیەکی تری چەندین ساڵە بسەپێنێ دوور دێتە بەرچاو. دەسەڵاتی بورژوازی کوردایەتی پشتی داوەتە مەنتیقی میلیشیاگەری و داگیرکاری و قاچاخچیگەری لە هەردوو ناوچەی زەرد و سەوز و زیاتر لە دەسەڵاتی ئەمری واقیع دەچن تا دەسەڵات و ستاتوسێکی دەوڵەتی و حقوقی سەقامگیر کە بتوانێ نیازە سەرەتاییەکانی ژیانێکی نیمچە ئارام و سەقامگیری سیاسی چەندین ساڵە دابین بکا و بتوانێ ئابوریەکی سەقامگیر ڕێک بخا و لانیکەمی پێداویستیەکانی ژیان و گوزەران کە بۆ دێژەکێشانی ئارامی سیاسی پێویستن وەڵام بداتەوە. با مانایەک نە وەڵامی ئابوری

**بەرژەوەندی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی لە هەمان شێوە ژیانی نا ئازاد دایە و لە هەمان سەرچاوە ئاو دەخۆنەوە. ئێمە وتمان ئەم شێوە ئۆپۆزسیۆنە خاڵی بەهێزی ئەم دەسەڵاتە و خاڵی لاوازی هەر جوڵانەوەیەکی سیاسی جیددین لەپێناو ڕزگاری لە دەسەڵات و کەلەگایی چینی دەسەڵاتدار و حاکمیەتەکەی...**

دڕێژماوەیان پێیە و نە ئاسۆی وەڵامێکی سیاسی پایەداری بە نیازەکانی خەڵکی هەیە کە ساڵانێکە لەو هەلومەجە خۆڵەمێشیە وەگیان هاتون و خەون بە ڕزگاربوون لێیوە دەبینن. هەر بۆیە دەسەڵاتێک کە ئەهلیەتی ئەوەی نییە حەقی کار و ماندو بوونی کرێکار و کارمەند و مامۆستا و پەرستار بدا و لەوەش زیاتر ئامادەیە دیکتاتۆریەت و ئیستیبدادی میلشیایی لە دژی ئەو خواستانە لە زۆنەکانی حاکمیەتیدا ڕابگەیەنێ و لە هەموو لایەکەوە خەریکە

قاچاغچێتی و تەزویر دەکا و تەنانەت تەنانەت قاچاغچێتی بە موچەی خەڵکیشەوە دەکا، پایەدار و ڕاوەستاو نییە. هەر ئێستا سەدان میلیۆن دۆلاری پارەی موچەی ئەو خەلکەی دەست بەسەرداگرتوە. هەر بۆیە پەیوەندی ئەو چینە دەسەڵاتدارە لەگەڵ کۆمەڵگە و جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە قەیران و بنبەستێکی گەورەدایە و ئاسۆی سازانی لەگەڵ کۆمەلگە و جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش کە داوای ژیان و کار ئازادییە فەردی و مەدەنییەکان و چارەنوسێکی شەرافەتمەندانە دەکەن تاریک و لێڵە.

هەر بۆیە ئیمکانی خامۆشیەکی چەندین ساڵە لە ئارادا نییە و خەلک لەسەری ناچاریەوە، لەسەری پێویستی بەرگری لە ژیان و گوزەرانی خۆی دێنە مەیدان و وا بە ئاسانی ئەم قاچاغچێتیە بە ژیان و موچە و ئەم یاریکردنە بە چارەنوسی

**چینی دەسەڵاتدار و هەردوو حیزبی حاکم تا ئەوەندەی دەتوانن هەوڵدەدەن هەلومەرجی سەرچاوەگرتوی ئەم کەڵەکە سیاسیە لە دژی ئیرادە و خواست و خەباتی ڕەوای چینایەتی کرێکاران و جەماوەری بێبەش بۆ ژیان و ئایندەیەکی باشتر و بۆ سەپاندنی دەورەیەکی خامۆشی چەندین ساڵە بەکار بهێنن...**

سیاسیان قبوڵ ناکەن. هەر بۆیە هەر بە زوویی واقیعیەتی شەڕ و جەنگی چینایەتی تەپوتۆزی ئەم پیلانە سیاسییەی چینی دارا و حاکمیەتەکەی دەڕوێنێتەوە و کۆمەلگەی کوردستان مەیدانی جەنگ و دەعوایەکی قوڵتر و سەرڕاستری چینایەتی کرێکاران و بێبەشان دەبێ لەگەڵ دەسەڵاتی چینی دارا لە هەردوو زۆنی سەوز و زەرد و کەم تا زۆر ئەم باوەڕە هێز پەیدا دەکا کە تەنانەت بۆ دەرهێنانی نان و موچە و پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیانێکی مرۆڤانە دەبێ بەشێوەی سیاسی و ڕادیکال سەربکەون و دەستی ئەم کەمایەتیە سەرمایەدارە کە لە ڕێگەی دیکتاتۆریەتێکی میلیشیاییەوە مقدەراتی کۆمەڵگەی دەستبەسەرداگرتوە شکست پێ بهێنن.

**بۆپێشەوە: ئەگەر هەڵبژاردن ناتوانێت ببێتە مایەی گۆرانکاری و ڕێگایەک بۆ باشکردنی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان، چینی کریکار و جەماوەری بیبەش دەبێ چ ڕیگایەک بۆ گۆرانکاری و ژیانێکی باشتر لە موچەو خزمەتگوزارییەکانەوە بۆ ماف و ئازادییەکانیان بگرنە بەر؟**

**ئیبراهیم حسێن:** ئەوان هەرچی بکەن و هەر سیناریۆیەکیان ڕێکخستبێ ناتوانن ڕاستییە چینایەتیەکان، داپۆشن. ناتوانن ئەو بەرشەریەتە کرێکار و زەحمەتکێشە لە بەرەنگاری چەوسانەوە و نەخێر وتن پێی بێدەنگ بکەن، ناتوانن ئەو بەشەریەتە کرێکار و زەحمەتکێشە لە ڕەتکردنەوەی کەڵگایی چینی دەسەڵاتدار بێدەنگ بکەن. ناتوانن چەوسانەوە و بێمافی سیاسی و ئابوری وەک قەدەرێکی ناچاری بە جەماوەری چینە بێبەشەکان بقبوڵێنن. خەڵک ژیانی دەوێ، موچە و هەقی خۆی لەژیان و کۆمەڵگەیەکی ئازاد و ئاسودەی دەوێ کە تیایدا بتوانێ ئەو دەرفەتەی کە هەیەتی لە ژیان بە شێوەیەک ئازادانە بژی. هیچ کەسێک نییە حەز بەوە بکا کە چارەنوسی ئەو مشتێک کۆنەپەرەست دیاری بکا، موچە و کار و گوزەران و موقەدەراتی خۆی و کۆمەلگەکەی لە دەستی کەسان و هێزگەلێکدا بێ کە بەرژەوەندیان لە چەسانەوەدایە و بەرژەوەندیان لەوە دایە کە مرۆڤ ئازاد نەژی و دەرفەتی ژیانی ئازادیان لەو مرۆڤایەتیە دڕیغ کردوە. هیچ کەس نییە کە مشتێک هێز و کەمایەتیەک چارەنوسی دیاری بکا و سەروەت و سامان و ئیمکاناتێک کە بۆ خۆشبەختی مرۆڤ پێویستن لە دەستی کەمایەتیەک دابێ کە بۆ ڕاگرتنی ئەم شێوە ژیانە نائازادە پێویستیان بە دیکتاتۆریەتە، پێویستیان بە سەرکوت و زیندان و کۆنەپەرستییە. ئەم خەباتە ڕەوا چینایەتییە لەسەر ژیانە، لەسەر نان و بەشی خۆیە لە ژیان و ڕاناوەستێ. هەزار سیناریۆی تر ڕێک بخەن ئەم بەرگریە ناکەوێ و بەردەوامە. لە خەبات لە پێناو نان و موچەوە بیگرە تا دەگا بە خەبات لە پێناو ماف و ئازادییە فەردی و مەدەنییەکان، لە مەسەلەی ژنەوە تا دەگا بەبەرگریکردن لە مەدەنیەت و ڕاوەستانەوە لەبەرامبەر کۆنەپەرسی ئیسلامی تا دەگا بە جیایی دین لە دەوڵەت گۆشەکانی ئەم کێشمەکێشە چیناتیەن.

لەم خەباتە ڕەوایەدا دەبێ سەربکەوین و بۆ سەرکەوتن ڕێگایەکی تر نییە جگە هێنانە ئارای ڕیزێکی سەربەخۆی چیناتی و جولانەوەیەکی سیاسی و جەماوەری رادیکاڵ کە بیەوێ چارەنوسی کۆمەڵگە لە دەستی ئەوانە دەربهێنێ. جوڵانەوەیەک کە دەیەوێ چارەنوسی کۆمەلگە بگەڕێنێتەوە بۆ دەستی خاوەنی سەرەکی خۆی و دەیەوێ ئیرادەی سیاسی و کردەوەی ڕاستەخۆی هاوڵاتیان لە بریاردان لەسەر چارەنوسی کۆمەلگە بە کردەوە پیادە بکا. کوردستان ئەزمونی درەخشانی جوڵانەوەیەکی رادیکاڵی شورایی و یەکێتی بێکاران و ڕابەران ئەو جوڵانەوەیەکی عەدالەتخوازی مۆدێرن و ئازادیخوازی هەیە کە دەیەویست مەیدانی بڕیاردان لە چارەنوسی سیاسی لە دەستی چینی دەسەڵاتدار دەربهێنێ. ئەو بزوتنەوە چینایەتییە تازە ئازادیخوازەی چینی کرێکار و چینەبێبەشەکان ڕابەرانی خۆشناوی وەکو شاپور و قابیل و فەرهاد فەرەج و دەیان ڕابەری خۆشناوی لە دەیان مەیدانی دەیان پرسی جیددی بە کۆمەڵگە بەخشیوە، کۆمۆنیزمێکی کرێکاری و ڕادیکاڵی بە کۆمەڵگە بەخشیوە کە سەرمایەی گەورەی سەرکەوتنە لەم دەعوا و جەنگە چینایەتیەدا.

## درێژەی دوا وتە

ئیسلامی کۆتایی هات و نە بارمتەکان ئازاد کران و نە ئاسایشی ئیسرائیلیەکان زامن کرا. بەپێچەوانەوە، دۆزو پرسی فەلەستین هاتەوە سەر میزی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و رای گشتی دنیا، نزیک بوونەوە و رەوەندی پرسی ئاسایی بوونەوەی پەیوەندی نیون ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی کە چەندین دەهەبوو کاری لەسەر دەکرا توشی راوەستان و بن بەست بوو. دەوڵەتی ئیسرائیل وەکو "دەوڵەتی هەیبەت" و "قەڵای ئەمریکا" لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، هەیبەت و شکۆی!! تیک شکا و لە ئاستی جیهانیدا ئیسرائیل تەریک کەوتەوە. خودی نەتانیاهۆ وەکو تاوانباری جەنگ خرایە لیستی تۆمەتبارانی جەنگەوە، نارەزایەتی ناوخۆی بەرووی سیاسەتی دریژە دان بەجەنگی نەتانیاهۆ لە هەڵکشاندایە. خودی دیموکراسی و وڵاتانی ئەمریکا و غەرب، بە پشتیوانی و هاوکاریان بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل و داگیرکاری و ئەو جینۆسایدەی ئەنجامی دەدات، کەوتنە بەرامبەر بە نارەزایەتی گەورەی کۆمەڵایەتی لە ئاستی جیهانیدا و جاریکی تر ئەلگۆ و فۆرمەکانی وەستانەوەی جەماوەری بەدژی داگیرکاری ڤێتنام، بەروویاندا، هاتەوە مەیدان. زیاتر لەوانە ئامانجی دەوڵەتی ئیسرائیل لەوەی بتوانێت ئیران و را بکێشیتە ناو جەنگیکی راستەوخۆ و رووبەروو لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکادا، بەجێگایەک نەگەیشت.

بڕیار بوو جەنگ ڕیگایەک بێت بۆسەرکەوتن لەپێناو ئامانجە سیاسییەکاندا، کەچی ساڵێک تێپەڕی و باڵادەستی سەربازی و توانایی تەکنۆلۆژی ئیسرائیل و داگیرکاریەکانی نەیتوانی ئامانجە راگەیەنراوەکانی و ویستە سیاسیەکانی بەدی بهێنێت، لیرەوەیە دەتوانین بلێین، جەنگ و ملهوری دەوڵەتی ئیسرائیل نەک سەرکەتوو نەبووە، بەڵکو شکست خواردووە.

ئەم دۆخە بەناچاری خەریکە ئیسرائیل دەخاتە سەر کەڵکەڵەی دیمەنی دووەم و سیناریۆی تازە. سیناریۆی راکیشانی دەوڵەتی لوبنان بۆ ناو جەنگ و تێوەگلاندنی زیاتری ئێران بەشیوەیەکی بەرجەستەتر و راستەوخۆ. گواستنەوەی جەنگ بۆ ناو لوبنان بەهۆی حزب اللەو کوشتنی سەرکردەکانی و کوشتنی هەنیە لە تاران و بەردەوامی هیرشەکانی ئیسرائیل بۆسەر سوریا و... گۆشە بەگۆشەی دیمەنی تازەی جەنگن، لە دۆخێکی تازەدا...

دۆخێک کە ئیسرائیل دەیەوێت پێی ئەمریکا زیاتر بهێنێتە ناو ململانێیەکی راستەخۆ لەگەل ئیران، بەڵام کۆسپەکانی بەردەم وەها ئامانجێک کە ئیسرائیل هەیەتی زۆر گەورەترە، لە ویستەکانی. لەلایەکەوە لوبنان نایەوێت ببێتە بەشیک لەلایەنی جەنگی راستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیل. حزب اللە بەوێنەی هیزێکی نا دەوڵەتی بکەرێکی دیفاکتۆ لەناو دەوڵەتی لوبناندا، بەمانای جەنگ لەنیوان لوبنان و ئیسرائیلدا نییە. لەلایەکی ترەوە دەوڵەتی ئیسرائیلیش دەزانێت جەنگ لەدژی لوبنان راگەیاندن و واوەتر لە حزب اللە، کارێکی نەکردەیە لە ئیستادا و رووبەرووی کاردانەوەی وڵاتانی تری دنیا بەتایبەتی ئەوروپا دەبێتەوە. راکیشانی ئیرانیش بۆ جەنگێکی راستەوخۆ، ریسی زۆر بەرژەوەندی گەورەتری بۆرژوازی بەتایبەتی ئەمریکاو غەرب لەناوچەکەدا دەکاتەوە بە خوری، بەتایبەتی ئەوە بۆ ئەمریکا کارێکی دوورە دەستە و ئەمریکا نایەوێت ئەزموونی شکستخواردوی خۆی لە روخاندنی رژێمی عێراق و دەستێوەردانی ناکام لە سوریا و لیبیادا، دوبارە بکاتەوە، کە لەجێگای ئەوەی پیگەی ئەمریکا لە ئاستی ناوچەکەو دنیا بەهێز و باڵادەستی بکات، بووە هۆی شکانی هەیمەنە ناکامی و تا ئیستاش خەریکە باجەکەی دەدات.

ئامانجی ئێران بەجیا لەبەردەوامی پشتیوانی و هاوکاری هێزە نیابەتیەکانی لە وڵاتانی ناوچەکە، بەپلەی یەکەم دەست راگەیشتنە بە چەکی ناوەکی و لە ململانێی خۆی لەگەڵ ئەمریکا و غەربدا، بۆیە پیویستی بە بە دریژەدان بە گفتوگۆ و کات کڕینە، تا لەو رێگایەوە، ئەو ئامانجەی بەدەست بهێنێت و ببێتە هیزیکی ئەتۆمی لەناوچەکەدا. دەست راگەیشتنی ئیران بە چەکی ناوکی (هەندێک سەرچاوەی هەواڵ ئاماژە بەوە دەدەن، کە دەستی پێی گەیشتووە یان زۆر نزیکە لەدەست پیگەیشتنی) دەتوانێت چەند بەرابەری هیزە نیابەتیەکانی لە ناوچەکەدا پیگەی ئیران بباتە سەرەوە و وەکو قوتبیکی ناوچەیی خۆی بنوێنێت و رووبەرووی ئیسرائیل بوەستێتەوە. ئیران بەدەست راگەیشتنی بەچەکی ئەتۆمی، بەجیا لەوەی هێز دەبەخشیت بە هێزە نیابەتیەکانی، باڵانسی هیز زۆر بەسودی ئیران دەگۆڕیت. بۆ ئیسرائیلیش گەورەترین مەترسی دەست راگەیشتنی ئیرانە بە چەکی ئەتۆمی و بۆیە دەیەوێت بەر لەوەی ئیران شەیپوری دەست راگەیشتن بەچەکی ناوکی لێ بدات، پەلکیشی ناو جەنگی بکات و گوزر لە توانایيە بەدەست هاتوەکانی تا ئیستای ئیران لە زەمینەی دەست راگەیشتن بەچەکی ئەتۆمی، بدات و پەکی بخات.

بۆیە ئیران سەرباری توندبوونەوەی کەشی جەنگی لەناوچەکەو توندبووونەوەی ململانیی لەگەڵ ئیسرائیل و ئاڵوگۆی موشەکی کۆنترۆڵکراو بۆسەر یەکتری، هێشتا زۆر دوورە لەوەی جەنگی راستەوخۆ لە نێوانیاندا روودات، کە لەحاڵەتی رودانیدا، تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەراست، دەگۆڕێت بۆ کوانویەکی جەنگی درێژ مەودای کۆنترۆڵ نەکراو و ئەمریکاو غەربیش ئامادەی وەها جەنگێک نین. بۆ ئەمریکا رام کردنی بەشیک لە هیزە نیابەتیەکانی ئیران و لاوازکردنیان و دەست سوککردنی ئیران لە پشتیوانی و هیزبەخشین پێیان، ویستێکی بەردەوامی کۆشکی سپییە لە ئیستادا و ئیرانیش تا لە ئاستێکی سنورداردا ئەو ئامادەییەی هەیە، لەبەرامبەر نەرمی نواندنی ئەمریکا و غەربدا. نابێت ئەوەش نادیدە بگرین کە خودی ئەم دۆخەی ئیستا لە ئاستی دنیا و ناوچەکە لە جەنگ و پشیوی سیاسی کە هەیە، وەکو لاوازی ئەمریکا و تەنانەت وەکو لایەنێکی سەرەکی ئەم دۆخە تۆمەتبار دەکرێت.

جەنگ و داگیرکاری یەک ساڵەی ئیسرائیل و بەرین بوونەوەی تارمایی جەنگ لە ئاستێکی بەرینتردا، نیشانەی ناکامی ئیسرایل لەدەست راگەیشتن بە ئامانجەکانیدایە. دەوڵەتی ئیسرائیل دوای ساڵێک لە جەنگ و داگیرکاری و کوشتار و هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە ئیران وەکو سەرچاوەو هۆکاری سەرەکی جەنگی ئیستا لەناوچەکە نیشان بدات و پەلکیشی ناو جەنگیکی بکات، کە لەپاڵ راوەستانی خۆیدا، ئەمریکا لەپاڵ خۆی لەدژی ئیران ببینێت، لە بەرامبەردا ئەمریکا نە ئامادەی جەنگێکی ترە لەناوچەکەو نە لەتواناییدایە ئاییندەی شەڕێکی رام نەکراو بخاتە دەستورەوە. ئیسرائیل بۆ دەرچوون لەو دۆخەی تێی کەوتووە، ناچارە نەفەسی جەنگ و داگیرکاری دریژە پێبدات، بەڵام ئەمەش روو بەرووە لەگەڵ بزوتنەوەیەکی جەماوەری ملیۆنی، لە ئاستی دنیا و تەنانەت لەناوخۆی ئیسرائیلدا.

**کۆتایی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤**

## درێژەی....تایبەتمەندییەکانی هەڵبژاردن لە دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستاندا

هاوبەشەکانیان... بێت، بەبێ روو بەرووبوونەوەی بەنەخشە بەبێ پرۆژەی رۆشنی سیاسی و بەبێ زامنکردنی هەژموونی رابەری بەسەر بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و بەبی پلاتفۆری سیاسی رۆش، بە جیگایەک ناگات. چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش و نارازی لەدەسەڵاتی هەرێم دەچنە پشت حزبێکی سیاسی بەهێز و خاوەن ئیدعایەکی شۆرشگێرانە بۆ ئاڵوگۆر و هەڵگێرانەوەی دۆخی باو.... لەدەست دەرهینانی سامان و داهات، بێ لایەن کردنی هیزی چەکدار و سەربەخۆکردنی، دوو هەنگاوی گرنگ لە راستای دەستکورتکردنەوەی دەسەڵات و دەروازەی گۆرانکارییە... لە حاڵەتێکی وادا کە پارتی و یەکێتی دەستیان لە سامان و داهات و دزی و کورتکرایەوە، لە چەک داماڵران و هیزی چەکدار و ئەمنی سەربەخۆکران، هیزی بن دیوار و بە بارمتەگرتنی قوتی خەڵک نامێنێ و هەڵبژاردنیش دەتوانێت ببێتە بژاردەیەک بۆ گۆران و گۆرانکاری ریژەیی، وەکو ئەوەی لە ئاستی دەوڵەتەکانی دنیادا بەڕێوە دەچێت...

ئومێد بەستن بەوەی تەزویران کەم بۆتەوە و ریگری لێدەکرێت، کۆمیسیۆنی بەغدا سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان دەکات، سەرپەرشتی و چۆنیەتی هەڵبژادنەکان ناوەندییەو کورسی کۆتاکان لابراوە، ناتوانێت ئاوی پیرۆز بکات بەسەر پەرلەماندا و رەوایەتی پێ ببەخشێت و دۆخی سیاسی کۆمەڵگەی کوردستان نۆرماڵ بکاتەوە، کە ریشەی لە تایبەتمەندی تردا هەیە.

هەڵبژاردنی ئەمجارە سەد بارە ئەو راستیانەی سەرەوە کردە وانەیەک بۆ وانە لێ وەرگرتن...

*************

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...**

**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن...**

**bpeshawa@gmail.com**

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com


بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
عامر سایر، ڕێبوار حەمە شەریف، بەندی عەلی، وریای رەسام، ئیبراهیم حسێن، نەجم محەمەد، کاوان قادر، ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحموود، سەلام سەعید،حەمە عومەر ژمارەیەک ژنی نارازی...

دۆسیەی ژمارە "هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان"؟

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

# هەڵبژاردن ... هۆنراوەی بەندی عەلی



هەڵبژاردن
دیسانەوە
بێ دەنگییەك پڕ ژاوەژاو
ئەوەندەی خەو
ترسناك وەك بڵقی سەر ئاو
گەڕانەوە
بۆ سفری نیوە بە نیوە
وا ئەم جارەش
هەر وەرزی میوەی گەنیوە
دیارە، کە لەم
جێیـە تەرمی مێژوو دەجمێ
لەو قوڕەش هەر
ئەم تۆزی وەهمە هەڵدەسێ !
...........................
بۆ کوێی دەبەن ؟
ئەم بارە بۆگەنەی مێژوو !

ئاخر کەی شێرە بەفرینە
لە کون فەیەکونا دەبێت
بە بارە ئێسترێك ڕەژوو !!
...........
خێرتان دەگات ..
خێرەومەندیێ تێمگەیەنێت
ئەمانە چین...؟
بڵندگۆکان،
پڕ بوون لە بۆڕەبۆڕی گا ..
ئاخر ئەوان
میللەت بە مانگا دەبینن !
بۆ زاو و زێ و
گووان دۆشین !!
.........
کەی پیاز بوو بەسێو،
خـەیـار بوو بەمـۆز ...
ئەوسا لەم قوڕە خەست و سیایەش
بەرامەی میسك و عەنبەر هەڵدەسێت
لەبری تەپ و تۆز!...

## دوو بەرهەمی نوێی هونەرمەند وریای رەسام







دوا وتە

## ساڵێك بەسەر داگیرکاری و جەنگی ئیسرائیل و سیناریۆی دواتر

عەبدوڵا مەحمود

حەوتی ئۆکتۆبەر ساڵێک بەسەر جەنگ و داگیرکاری خولی نوێ دەوڵەتی ئیسرائیل بۆسەر خەڵکی فەلەستین و غەززە تێپەڕی. لەماوەی ئەم ساڵەدا گۆرانکارییەکی گەورە روویدا، گۆرانکارییەکە کە هەم جێگاو ڕێگای دەوڵەتی ئیسرائیل و هەم جێگاو ڕێگای پرسی فەلەستینی گۆڕی، جیا لەوانە چەندین دەهاویشتەو لێکەوتەی لە ئاستی دنیاو ناوچەکە بەدوای خۆیدا هێنا.

دوای کردەوەی حەوتی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣ حەماس و هاوکارەکانی بۆسەر ئیسرائیل، لەبەرامبەر هیرش و داگیرکاری بەردەوام و دەرکردنی فەلەستینیەکان و لەجێگایدا نیشتەجێکردنی ئیسرائیلیەکان و سەرکوت و کوشتاری بەردەوامی فەلەستینیەکان، دەوڵەتی ئیسرائیل دەستی برد بۆ هێرشێکی بەرین و فراوان بۆسەر فەلەستینیەکان و بەتایبەتیش بۆسەر غەززە. حکومەتی راسترەوی نەتانیاهۆ ئامانجەکانی هێرشەکەی راگەیاند کە لە بەینبردنی حەماس لە ماوەیەکی کورتدا، گێرانەوەو ئازادکردنی بارمتەکان، دورخستنەوەی مەترسی ئەمنی بۆسەر ئیسرائیل...تاد. دەوڵەتی ئیسرائیل لەو راستایەدا دەستی دایە هێرش و ملهورییەکی گەورەی بێ وێنە لەمیژووی رابردوو وە میژووی هاوچەرخی ئینسانی ئەم سەردەمەدا.

دەوڵەتی ئیسرائیل لە راستای بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەیدا، نەک تەنها حەماس و سەرانی رەوتە ئیسلامیەکان، بەڵکو تەواوی خەڵکی فەلەستن و بەتایبەتی خەڵکی غەززەی کردە نیشانە و لەوەش زیاتر رۆژنامەنووسان، کارمەندانی یوئین، کەمپەکانی پەنابەران، خەستەخانەو و قوتابخانەکان و تەواوی ژێرخانی ئابوری فەلەستینیەکانی بەسەریەکدا تێک روخاند و خزمەتگوزارییەکانی وەکو، ئاو و کارەبا و سوتەمەنی، لە بەین برد و تەنانەت سەرەی خۆراکی خەڵکی برسی و بۆمباباران کرد و بەم شێوەیە دەوڵەتی ئیسرائیل، نەک شەر لەگەڵ حەماس، بەڵکو بەکردەوە جەنگێکی هەمەلایەنەی لەگەڵ هەموو زیندەوەرەکانی ئەم جوغرافیایە و فەلەستینیەکان دەست پێکرد، کە لە ئاکامدا زیاتر لە ٤٠ هەزار ئینسان کە زوربەی هەرە زۆریان ژن و منال و خەڵکی بێتاوانن بوونە قوربانی... لەم هیرشە بێ وینە وەحشیانەیەدا، دیموکراسی بۆرژوازی و دەوڵەتەکانی لە پێشیانەوە ئەمریکاو غەرب، هاوکاری بەکردەوەی ئەم وێرانکاری و کوشتارە ئینسانییە بوون لە ژێر ناوی" مافی بەرگری لەخۆ کردنی ئیسرائیل"، یەکان... بەم جۆرە داگیرکاری و کوشتار و وێرانکارییەکی گەورەیان ناو نا "مافی بەرگری لە خۆکردنی ئیسرائیلیەکان".

لەماوەی ئەم ساڵە لە داگیرکاری و جەنگ و کوشتاردا، دەوڵەتی ئیسرائیل بەهیچ کام لە ئامانجەکانی نەگەیشت. نە جەنگ لەماوەیەکی کورتدا تەواو بوو نە حەماسی

بۆ لاپەڕە 13